# پوختەیەک لە
# ڕێبازی توێژینەوە

## وەرگێڕانی
## پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

چاپی یەکەم / ٢٠١٦

* ناوی کتێب: پوختەیەک لە ڕێبازی توێژینەوە
* نووسینی: حوسێن نزار فەزوڵڵا
* وەرگێڕانی: پ.ی.د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو
* تایپیست: کۆچەر ئەنوەر نایف
* دیزاینی بەرگ: جومعە سدیق کاکە
* دیزاینی ناوەوە: نووسەر
* نۆرەی چاپ: یەکەم / ٢٠١٦
* شوێنی چاپ: چاپخانەی هێڤی/ هەولێر
* تیراژ: ١٠٠٠ دانە
* نرخ: (٣٥٠٠) دینار
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی( )ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە.

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ وەرگێڕ پارێزراوە**

AWER
Nawandi Awer
ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
٠٧٥٠٤٢٠٩٤٩٥

**لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر**

**ژمارە(٢٩٧)**

# ناوەرۆک

**پێشەکی**.......................................، ٥
**بەشی یەکەم: توێژینەوەی زانستیی و میتۆدەکانی**............٧
یەکەم: پێناسەی توێژینەوە.................................٨
دووەم: ئامانجی توێژینەوە.................................١٣
سێیەم: جۆرەکانی توێژینەوە..............................١٦
چوارەم: خەسڵەتەکانی توێژینەوە.........................٣٢
پێنجەم: پێناسەی میتۆد....................................٣٥
شەشەم: جۆرەکانی میتۆد..................................٣٨
**بەشی دووەم: ئامادەکارییەکانی پێش نووسینی توێژینەوە**..........٤٥
یەکەم: هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی توێژینەوە..............٤٦
دووەم: خوێندنەوەی خێرا...................................٥٣
سێیەم: پلانی توێژینەوە...................................٥٥
چوارەم: کۆکردنەوەی ماددەی توێژینەوە....................٦٨
**بەشی سێیەم: نووسینی توێژینەوە**...........................٨٠
یەکەم: شێوازی نووسین.....................................٨١
دووەم: مەرجەکانی نووسین.................................٨٩
سێیەم: تێبینییە هونەرییەکان..............................١١٢
**بەشی چوارەم: شێوە و ڕەگەزەکانی توێژینەوە**...............١١٥
یەکەم: بەرگ...............................................١١٦

دووەم: تۆمارکردنی ناوەرۆک.............................. ١١٨
سێیەم:پێشکەشکردن......................................... ١١٩
چوارەم: پێشەکی............................................. ١٢٠
پێنجەم: جەستەی توێژینەوە (بەش و بەندەکان)............. ١٢٣
شەشەم: کۆتایی.............................................. ١٢٤
حەوتەم: پرستە هونەرییەکان................................ ١٢٥
هەشتەم: سەرچاوەکان........................................ ١٢٧
کۆتایی ئەم پەرتووکە......................................... ١٢٨
لیستی سەرچاوەکان........................................... ١٣٠

# پێشەکی

ڕێبازی توێژینەوە یەکێکە لە وانە گرنگەکانی پەیمانگە و زانکۆکان، کە بەهۆیەوە قوتابییان لەڕێگەی ئەم وانەیەوە ڕادەهێنن، بۆ ئەوەی توێژینەوە یان هەر نووسینێکی تر، بخرێتە چوارچێوەیەکی زانستیی و مەعریفیی، بەو واتایەی لەڕێگەی ئەم وانەیەوە هەوڵدەدرێت قوتابییان فێرە یاسا و ڕێساکانی نووسینی توێژینەوەی زانستی بکرێت.

ئەم کتێبە هەوڵدانێکە بۆ خستەڕووی زۆربەی لایەنەکانی نووسینی توێژینەوە، ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بە ناونیشانی (مختصر قواعد كتابة البحث)ی حوسێن نزار فەزوڵلایە، کە بە شێوەیەکی زۆر پوخت و زۆر ڕوون و زۆر زانستییانە لایەنە گرنگەکانی ڕێبازی توێژینەوەی خستۆتەڕوو.

ئێمەش بە باشمان زانی ئەم کتێبە وەرگێڕینە سەر زمانی کوردی، تاکو کتێبێکی تر لە نێو کتێبخانەی کوردی زیادبکات و خوێنەرانی کوردیش لەم زانستە ئاشنا بکەین.

**وەرگێڕ**

# بەشی یەکەم
# توێژینەوەی زانستیی و میتۆدەکانی

یەکەم: پێناسەی توێژینەوە

دووەم: ئامانجی توێژینەوە

سێیەم: جۆرەکانی توێژینەوە

چوارەم: خەسڵەتەکانی توێژینەوە

پێنجەم: پێناسەی میتۆد

شەشەم: جۆرەکانی میتۆد

# یەکەم
# پێناسەکردنی توێژینەوە

**پێناسەی توێژینەوە لە ڕووی زمانەوانییەوە:**

وشـەی (توێژینـەوە ـ لێکۆڵینـەوە) بەم مانایـانە دێـت: بەدوایدا گەڕا، پشکنی، هەڵیکۆڵی، هەڵیکەند، بەدوایداچوو. دەشـوترێت: وتوێژیـانکرد: واتە گفتوگـۆی لەگەڵـدا کـرد، و هەردووکیان گفتوگۆیان لەگەڵ یەکدیدا کرد.

هەوڵیـدا ڕاسـتەقینەی مەسـەلەکە بزانێت کۆیەکەشـی لـە زمانی عەرەبیدا (الباحث) و (بحوث)ە.

ـ خـەلیل کـوڕی ئەحمـەدی فەرهیـدی لە پێناسـەکردنی تـوێژینەوەدا دەڵێـت: ((ئەوەیە کە لەنـاو خۆڵـدا بە دوای شـتێکدا بگەڕێـت، گەر پرسـیاریش بکەیـت بە شـێوازی

(هەواڵخـوازی)، ئەوا دەڵێیـت: بەدوایـدا دەگەڕێـم و بەدوایـدا دەگەڕێت[1].

ـ هەروەها لە (تاج العروس)دا دەڵێت: توێژینـەوە ئەوەیە کە دەربـارەی شـتێک پرسـیار بکەیـت و خوازیـاری دەسـتکەوتنی هەواڵەکەی بیـت، و پرسـیاری دەربـارەی کرد[2]، هەمان مانای وشەکەش لەلایەن (ئیبن مـەنزور) لە (لسان العرب)دا وتراوە[3].

ـ لە (الصحاح)دا داهاتووە: بەدوایدا گەڕام، پشکنینم بۆی کرد[4].

ــ خـاوەنی (مجمـع البحـرین) وتـویەتی: (توێژینـەوە: پشکنین و گەڕانە بەدوای شتێکدا، و پشکنین و گەڕانە) [5].

---

١ـ الفراهيدي، الخليل بن أحمد، العين، ط١، بيروت، مؤسسة الاعلمي، ١٩٨٨، ج ٣، ص ٢٠٧.

٢ـ الزبيدي، الواسطي، تاج العروس، بيروت، دار الفكر، ١٩٩٤، ج٣، ص ١٦٨ ـ ١٦٩.

٣ـ ابن منظور، جمال الدين، لسان العرب، قم، نشر أدب الحوزة، ١٩٨٤ ج٢، ص ١١٤.

٤ـ الجوهري، اسماعيل بن حماد، الصحاح، ط٤، بيروت، دار العلم للملايين، ١٩٨٧، ج١، ص ٢٧٣.

٥ـ الطريحي: فخرالدين، ط٢، ايران، نشر الثقافة الاسلامية، ١٩٨٧ ج١، ص ١٥٦.

**پێناسەی توێژینەوە لە ڕووی زاراوەوە**

پێناسـەکانی تـوێژینەوەی زانسـتی وەکـو زاراوە زۆر و فـرەن، لێرەشـدا ئەو پێناسـانە پێشـکەش دەکەیـن، کە لە هەموویان زیاتر ڕوونتر و نزیکترن لە بابەتەکەوە:

- توێژینەوە مانای:((**بەکارهێنانی ئامرازە زانستییەکانە، جـا چ بیروبۆچوونەکـان بێـت یـان بە بەکارهێنـانی ئامرازگەلێک بێت بەپێی یاساکانی میتۆدەکە، ئەویش بۆ زانینی شاراوەیەک یاخود نەزانراوێک))**[1].

- **((ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلە توێژەر دەربارەی کارێک پێشکەشـی دەکـات، ئینجـا دەیبـاتە سـەر و دەیگەیەنێـتە ئەنجـام، بەو مەرجەی کە ڕاپـۆرتەکە هەمـوو قۆناغەکـانی تـوێژینەوەکە لەخۆ بگرێت، هەر لە قۆنـاغی دروسـتبوونی بیرۆکەکەوە، تا دەگاتە ئەوەی ببێتە کۆمەڵە دەرەنجامێکی تۆمارکراو و ڕێکخراو، کە بە بەڵگە و باکگراوند پاڵپشتکرا بێت))**[2].

---

١ـ الفضلي، عبدالهادي، أصول البحث، ط١، بيروت، دار المؤرخ العربي، ١٩٩٢، ص ١٣.

٢ـ شلبي، أحمد، كيف تكتب بحثا أو رسالة: ط٢١، القاهرة، مكتبة النهضة المصرية، ١٩٩٠، ص ٥.

**ـ((ئەو کۆششـــەیە تــوێژەر دەیخــاتەگەڕ، چ لە ڕووی گەڕان و چ لە ڕووی هەڵکۆڵین و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و ڕەخـنە و بەراوردکـارییەوە بێـت، دەربـارەی بابەتێـک، ئەویش لەپێنـاو دۆزینـەوەی ڕاسـتەقینەیەک یـان گەیشـتن پێی))[1].**

**ـ((..... ئامرازێکە بۆ زانینخوازی و بەدواداچوونی ڕێک و ورد کە تــوێژەرەکە پێیــان هەڵدەســتێت، بە مەبەســتی دۆزیــنەوەی زانیــاری و پەیوەنــدی تــازە، هەروەهــا بــۆ پێشــڤەبردن یــان ڕاســتکردنەوە یــان لێکــۆڵینەوە لەو زانیاریـــانەی کە لەبەردەســــتدان، بەو مەرجەی کە لەم پرۆسەیەدا یاساکانی میتۆدی زانستی پەیڕەو بکات و ئەو ئــامرازانە هەڵبژێرێــت کە بــۆ ئەنجامــدانی تــوێژینەوەکە پێویستن))[2].**

واتە توێژینەوە بە کورتی ئەمەیە:

(توێژینـــەوە): **گەڕانێکـــی وردە بەدوای نـــاوەرۆکی بابەتێـک، بە مەبەسـتی پەیـداکردنی زانینێکـی گشـتگیر بە**

---

١ـ فضل الله، مهدي، أصول كتابة البحث و قواعد التحقيق، ط١، بيروت، دار الطليعة، ١٩٩٣، ص ١٢.

٢ـ بدر، أحمد، أصول البحث العلمي ومناهجه، ط٦، الكويت، وكالة المطبوعات، ١٩٨٢، ص ٢٠.

**خودی ئەو بابەتە، ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدێکی زانستی گونجاوەوە، بەو مەرجەی کە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل بەگوێرەی چەند تەکنیکێکی دەستنیشانکراو ئامادە بکات.**

# دووەم
# ئامانج و گرنگی توێژینەوەی زانستی

توێژینەوەکان بەگشتی لە تێکڕای دەزگا و ڕێکخراوە زانستییەکانی جیهاندا گرنگییەکی بێ وێنەیان پێ دەدرێت، جگە لەمەش هەمیشە پارە و پوولێکی بێشومار بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکان و پێشڤەبردنیان تەرخان دەکرێت[١].

---

١. ڕێکخراوی گەشەپێدان و هاریکاری ئابووری ئاشکرای کردووە، کە (ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا) چەند ساڵێکە لەم بوارەدا لە پلەی یەکەمدایە و ئەو خەرجیانەی بۆ ئەم کارە دابینکردووە، دەگاتە (٣٣٠) ملیار دۆلار، هەروەک لە ئامارەکانی ساڵی (٢٠٠٦)دا دەرکەوتووە، پاش ئەمیش وڵاتی (چین) کە خەرجییەکانی هەمان ساڵی دەگاتە نزیکەی (١٣٦) ملیار دۆلار، پاش ئەویش (ژاپۆن) دێت، کە (١٣٠) ملیار دۆلاری ئەمریکی تێچوویەتی، کەچی وڵاتە گەشەسەندووەکان لە جیهاندا بە هەموویانەوە خەرجییەکانیان

دیـارترین ئەو شـتانەی کە دەکـریێ دەربـارەی ئامـانج و گرنگییەکـــانی تـــویێژینەوە بخـــرێنەڕوو، لەم خـــاڵانەی خوارەوەدا بەرجەستە دەبن:

١- تویێژینەوە بنەمـای پێشـکەوتنی زانسـتییە، تێکڕای ئەو دۆزینـەوە و داهێنـانەی کە لە ژیـان و ژیارمانـدا سـوودیان لێ وەردەگرین، بۆ ئەو کۆششـانە دەگەڕێنەوە، کە زانایـان لە بواری سازدانی تویێژینەوە خستویانەتەگەڕ.

---

ناگاتە ڕێژەی (٤%)ی کۆی گشتی خەرجییەکانی ئەم بوارە، هەروەها ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان و تویێژینەوە پوختەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە تێکڕای وڵاتە عەرەبییەکان لە ساڵی (٢٠٠٣) تەنها گوژمەی (٧٥٠) ملیۆن دۆلاریان بۆ ئەم مەبەستە خەرجکردووە، واتە نزیکەی ڕێژەی (٠،٣%)ی کۆی داهاتی نیشتمانیان بۆ تویێژینەوە و پێشڤەبردن دابینکردووە، وڵاتە پیشەسازییەکانیش ڕێژەی (١ ــ ٣%)ی بەرهەمەکانیان بۆ تویێژینەوەی زانستی تەرخانکردووە، جا گەر بەراوردێک لەنێوان حاڵی عەرەب و دەوڵەتی ئیسرائیلی بکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بارستایی خەرجییەکانی تویێژینەوە لە ئیسرائیل گەر بە بەرهەمی ناوخۆیی بپێورێت، ئەوا دەگاتە ڕێژەی (٤%)، هەروەها ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ئیسرائیلدا هەر (١٠) هەزار هاوڵاتییەک بەرامبەر بە (١٢) تویێژینەوەن کە پێشکەش دەکرێن، ئەم ڕێژەیەش سێیەکی ڕێژەی ئەو تویێژینەوانەیە، کە هەر (١٠) هەزار هاوڵاتییەکی عەرەبی بەری دەکەوێت.

٢ـ تـويژینەوەی زانسـتیی گەشـە بـە تواناکـانی قوتـابی دەدات بۆ خوێندنەوەی شێنەیی و ورد و شیکردنەوەیی و ڕەخنەیـــی و ئەنجامـــدانی پرۆســـەکانی نزیککـــردنەوەی بابەتەکان و بەراوردکارییان.

٣. تویژینەوەی قوتابیان لەسەر ڕێکخستنی زانیارییەکان و بەشـــبەندیکردنیان و پێشکەشـــکردنیان ڕادەهێنێـــت، بەشێوەیەک کە دەبێتە یارمەتیدەرێک بۆ سوود گەیاندنی ئاسانتر و ڕەوانتر بە قوتابیان و فێرخوازان.

٤ـ تـویژینەوە شـارازاییەکی گشـتی دەربـارەی بـابەتێکی دیاریکراو بۆ تویژەرەکە دەرەخسێنێت، بەشێوەیەک هەموو ئەو زانیاریـــانەی کە لە بـــابەتەکەدایە و کاریگەریـــان بەسەریدا هەیە، یان کاری تێدەکەن، بەهۆیەوە بۆ تویژەر دەستەبەر دەبن.

٥ـ تـویژینەوە یەکێک لەم مەسـەلانە بە ئامـانج دەگرێت: داهێنـانی شـتێک، بـوونی نەبێـت یـان زینـدووکردنەوەی شـتێکی دێـرین، یـان شـرۆڤەکردنی بـابەتێکی کـورت یـان پوخت و کورتکردنەوەی بابەتێکی درێژ یان کۆکردنەوەی کۆمەڵە بابەتێکی پەرتەوازە و ڕێکخستنیان[١].

---

١ـ المجذوب، طلال، منهج البحث و اعداده، بيروت، مؤسسة عزالدين، ١٩٩٣، ص ٣١.

# سێیەم

# جۆرەکانی توێژینەوە

توێژینەوەی زانستی (Scientific Research) لە ڕووی مەرامەکانییەوە لەوانەیە جۆرێک لە پشکنین و گەڕان بە دوای ڕاستییەکاندا بێت، یان جۆرێک بێت لە شرۆڤەی ڕەخنەیی، یان گەڕانێک بێت بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکانی، پاش پشکنینی ڕاستیەکان و شیکردنەوەی بەڵگەکان، لەوانەشە توێژینەوەکە لێکۆڵینەوەیەکی ڕاپرسیانە بێت یان وەسفئامێزبێت، بە مەبەستی دیاریکردنی شتەکان سازبکرێت یان توێژینەوەیەکی ئەزموونی بێت[١].

---

١ـ بدر، مصدر سابق، ص ٢٢ ـ ٣١.

له ڕووی سروشتیشـــەوە، ئەوا دەتــوانین پێــنج جــۆری توێژینەوە باس بکەین، کە ئەمانەن:

**١. جۆری یەکەم: توێژینەوەی کورت یان توێژینەوەی پۆل**

ئەم جــۆرە بە هەمــان شــێوە بە تــوێژینەوەی ڕاهێنــان نــاوزەد دەکرێــت[١]. ئەم جــۆرە زیــاتر قوتــابییە تازەکــان پێوەی سەرقاڵ دەبن، ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی یاسا بەراییەکـانی تـوێژینەوەی ڕاسـت و دروسـت، لەم جـۆرەدا ژمــارەیەک ســەرچاوە بــۆ تــاقیکردنەوەی توانــای قوتــابی بەکـــاردەهێنرێن، لەســـــەر کـــۆکردنەوەی زانیـــاری و بەکارهێنانیـــان بەشـــێوەیەکی ڕێکوپێـــک، یەکێـــک لە خەسڵەتەکانی ئەم جۆرە توێژینەوەیە ئەوەیە، کە ژمارەی لاپەڕەکانی کەمە و لەنێوان (١٥ ــ ٣٠) لاپەڕە یان (٢٠ ــ ٤٠) لاپەڕە تێپەڕ ناکات.

ئەم جۆرە کە پێی دەوترێت توێژینەوەی کورتی ڕاهێنان ــ لە هەموو جۆرەکانی دیکە لە بابەتەکەمانەوە نزیکترە،

---

١. هەندێک کەس ئەم جۆرە توێژینەوانە بە وتار ناودەبەن، بەڵام ئێمە لە داهاتوودا باس لە (وتار) دەکەین، کە جۆرێکی سەربەخۆی کاری توێژینەوەیە، ئەویش بەپێچەوانەی ئەوەی هەندێک نووسەر باسی لێوە دەکەن.

چونکە مەبەست لێی فێرکردن و ڕاهێنانی قوتابیانە لەسەر بنەماکانی نووسینی ڕاست و دروست و ڕەچاوکردنی پرەنسیپی گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان و بە بەڵگەکردنی زانیارییەکان.

دەکرێ سوودەکانی پراکتیزەکردنی توێژینەوەی کورت (پۆل)، بەم شێوەیە کورت بکەینەوە:

١. باشکردنی ئاستی نووسین لای قوتابی.

٢ـ ڕاهێنانی قوتابی لەسەر خوێندنەوە و بەکارهێنانی پەرتووکخانە.

٣. ڕاهاتن لەسەر پاراستنی ئەمانەتی زانستی لەڕێگەی تۆمارکردنی زانیارییەکانەوە.

٤ـ هەڵبژاردنی سەرچاوە و بەکارهێنانیان لە بواری وەرگرتنی زانیارییەکاندا و چۆنێتی ڕاهاتن لەسەر نووسینیان و تۆمارکردنیان، ئەویش بەپێی یاسا تایبەتەکانی پەیوەست بە پرۆسەی (بەبەڵگەکردنی)ی زانیارییەکان.

٥. ڕاهاتن لەسەر تۆمارکردنی کورتەیەک دەربارەی ئەو شتانەی کە قوتابی دەیانخوێنێتەوە.

٦ـ باشکردنی ئاستی تێگەیشتن و هەڵگهێنجانی بیروبۆچوونە سەرەکییەکان لە دەقە هەمەجۆرەکان.

٧ـ شیکردنەوەی هزر و بیرەکان و بەراوردکردنی پێدراوەکان و بەکارهێنانی بەڵگە و سەلماندنەکان.
٨ـ ڕاهاتن لەسەر نووسینی ناوەرۆک و پێرست و پاشکۆکان.

**٢. جۆری دووەم: وتار** Article

وتار نووسین هونەرێکە لە هونەرەکانی ئەدەب، کە لە پارچە پەخشانێک پێکدێت، و بابەتێکی دیاریکراو بە شێوەیەکی کورت و ڕاستەوخۆ چارەسەر دەکات، ژمارەی لاپەڕەکانی وتار کەمن و بەگشتی ژمارەی لاپەڕەکانی بەپێی بابەتەکە زۆر و کەم دەبن[1].

وتار جۆرێکی تایبەتی توێژینەوەیە کە لەگەڵ نووسینی دیکەدا جیاوازی هەیە، وتار توێژینەوەیەکی پۆلی نییە، وەک هەندێک گومان دەبەن، بەڵکو جۆرێکی نووسینەکە تایبەتمەندێتی فۆرمی و ناوەرۆکی جیاوازی لەوانی دی هەیە.

---

١. هەندێک نووسەر بارستایی وتار لە لاپەڕەیەکەوە بۆ چوار لاپەڕە دیاری دەکەن، واتە لە یەک لاپەڕە کەمتر نەبێت و لە چوار لاپەڕەش زیاتر نەبێت، چونکە گەر لە یەک لاپەڕە کەمتر بێت، ئەوا دەبێتە (بیرۆکە)، ئەگەر لە چوار لاپەڕەش زیاتر بێت، ئەوا دەبێتە توێژینەوە.

وتـــار بەگــوێرەی سروشــتەکەی بــۆ دوو جــۆر پــۆلێن دەکرێت:

أـــ ئەو وتـــارەیە کە لەلایەن قوتـــابییەکی ســـەرەتاییەوە دەنووســـرێت و گوزارشـــت لە کـــورتەی ئەزموونەکـــانی و کۆششـــــــە بەراییەکـــــــانی دەکـــــــات، وا دەخـــــــوازێ کە خوێندنەوەیەکی سادە و سەرپێی بۆ پەرتووکەکان هەبێت، بەڵام بەبــــــێ ئەوەی نیازمەنـــــــدی بەوە هەبێــــــت کە نووسینەکانی ئەرشیف بکات یان بە پێرستیان بکات.

ب ـــــ ئەم جـــۆرەش لەو وتـــارە پێکـــدێت، کە لەلایەن پسپۆڕێکەوە یان لەلایەن خاوەن هـزرێکەوە دەنووسـرێت، کە لەوانەیە پوختەی بۆچوونێکی زانستی بێت یان کورتەی تـــوێژینەوەیەکی درێژبێـــت یـــان لەوانەیە کـــورتکراوەی بەشێکی ئەو توێژینەوە بێت، ئەم جۆرە وتارە پێویستی بە گرنگیدانێکی ورد و ڕەچاوکردنی یاسا و میتۆدەکانی کاری توێژینەوەیی و پێداویستییەکانی هەیە.

## جۆرەکانی وتار

وتـــار لە ڕووی مەرام و ئامانجەکـــانییەوە بـــۆ چەنـــد جۆرێک دابەش دەکرێت: (وتاری بابەتیانە، وتاری ئەدەبی، وتاری ڕۆژنامەوانی).

**١. وتاری بابەتیانە:**

هەندێک کەس ئەم جۆرە بە وتاری زانستیی ناودەبەن، کە تیایدا یەک بابەت باس دەکرێت، ئەویش بە مەبەستی گەیشتن بە دەرەنجامێک، لەوانەیە بابەتەکە، بابەتێکی پزیشکی بێت یان مێژوویی یان فەلسەفی یان کۆمەڵایەتی یان هەر بابەتێکی دیکە بێت. لەمجۆرە وتارانەدا شێوازی زانستی بەکاردەهێنرێت، چونکە بە خۆیان وتاری زانستین، خەسڵەتەکانی ئەم وتارانە لەوەدایە کە ڕستەکانیان کورت و ڕاستەوخۆ و مانادارن، نووسەر لەم شێوازە نووسینەدا هەڵوەستە لەسەر واژەکان ناکات و زیاتر گرنگی بە مانا و چۆنێتی گەیاندنی بۆچوونەکەی خۆی و هزر و بیرەکەی خۆی دەدات، بەبێ گرنگیدان بە ڕەهەندی جوانکاریی لە نووسینی وتارەکەیدا.

**٢. وتاری ئەدەبی (ئەدەبیانە):**

وتاری ئەدەبی لە دەقێک پێکهاتووە، کە بە شێوەی پەخشان نووسەرەکەی دایڕشتووە و گوزارشت لە خودی خۆی دەکات و بەشێک لە ئەزموونە تایبەتەکەی پێکدەهێنێت، ئەم دەقە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە تێر و تەژییە لە هەست و سۆزی نووسەرەکەی و گوزارشت لە بیرۆکە و ئامانجێک دەکات، جگە لەمانەش لە ڕووی شێوازەوە

ئەم جــۆرە دەقە پشـــت بە واژەی ناســک و بــاریکەلانە و ئــاوازداری وا دەبەســتێت، کە لەگــەڵ نووســینی ئەدەبیــدا گونجاو بێت، لەمجۆرە وتارانەدا نووسەر دەبێ لە بوارێکی پـــڕ لە مانـــا و نـــاوەرۆک بمێنێـــت و بە ویســـتی خـــۆی گوزارشت و وشـە و دەربڕین و واژەی شیاو و قەشـەنگ بۆ ئاماژەکردن بە ماناکان هەڵبژێرێت.

### ٣. وتاری ڕۆژنامەوانی

ئەم وتـــارانە جـــۆرێکی تـــایبەتن لە نووســـین، کە بیرۆکەیـەکـی سیاسـی پێشـکەش دەکەن و بەکـورتی و بە وردی چارەســەری دەکەن، نووســەر لەمجـۆرە وتـارانەدا بەڵـگە و شـیکردنەوەکانی خـۆی دەخـاتەڕوو، ئەویـش بە ئامـــانجی چەســـپاندنی ئەو بیـــرۆکەی کە لە وتـــارەکەدا پێشکەشـی کـردووە، دەکرێ بوترێت وتـاری ڕۆژنامـەوانی لەوانەیە شـــێوازی زانســـتی بـــۆ گوزارشـــتکردنی تیـــادا بەکاربهێنرێت، لەوانەشە ڕەچاوی شێوازی ئەدەبیشی تیادا بکرێـت، کە زۆرجـاران ڕۆژنامـەنووس پەنـای بـۆ دەبـات، ئەویـــش بـــۆ ئەوەی بـــەگـــوڕتر و بـــەهێزتـــر بـــە دەقەکە ببەخشێت.

**ڕەگەزەکانی وتار**

وتـــار چەنـــد خەســـڵەتێکی هەیە، لەوانـــی دی جیـــای دەکاتەوە، کە ئەمانەن: ماددە(بابەت)، شێواز و پلان.

**ڕەگەزی یەکەم: ماددە(بابەت)**

ئەو کۆمەڵە بیروبۆچوون و زانیاری و تیۆر و هەست و نەســـت و ســـۆزانەیە، کە بـــابەتی وتارەکەیـــان لەســـەر ڕادەوەستێت، پێویسـتە مـاددەی وتـارەکە ڕوون و ڕاسـت بێـت و هـیچ جـۆرە دژیەکـەک لە نێـوان پێشـەکییەکەی و دەرەنجامەکەیـــدا نەبێـــت، هەروەهـــا پێویســـتە قـــووڵ و چەقئامێز بێت.

**ڕەگەزی دووەم: شێواز**

مەبەســـتمان لە شـــێواز، شـــێوەکانی گوزارشـــتکردن و نووسینە، یان فۆرمەلەکردنی زمانەوانی و ئەدەبی مـاددەی وتـارەکەیە، یـان ئەو قـاڵبەیە، کە مـاددەکە بۆچوونەکـانی خـۆی بەهـۆیەوە دادەڕێژێت، پێویسـتە شـێوازی نووسـینی وتار ئەم خەسڵەتانە لەخۆ بگرێت:

١- ڕوونی و ئاشکراییەکی ئەوتۆ، کە ببێتە یاریدەدەرێک بۆ تێگەیاندنی بابەتەکە، ئەمەش بەوە دەستەبەر دەبێت، کە نووســـــەر وشـــــەی وا بەکاربێنێـــــت، کە لەو مەرام و مەبەســـتانەی خوازیـــاری پێکانیـــانە نزیکتـــربن، هەروەهـــا

نووســـەر دەبــێ وشـــە و مانــا هاوشــێوەکان بزانێــت و پەیوەنـــدییەکانی نێـــوان وشـــەکان درک پـــێ بکـــات و بەکارامەیی ڕستەی کورت و گوزارشتکار لێکبنێت، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ ئەو هەگبە زمانەوانییە تێروتەژییەی، کە لە زمانـدا هەیە، چ لە ڕووی ڕەوانبێژی و چ لە ڕووی مانـا و واژە بە بڕشت و بەپێزەکانەوە.

٢ـ ئەو هێزەی کە کار لە بیر و مێشکی خوێنەر دەکات، ئەویش لەڕێگەی داڕشتنی هزر و بیر و بۆچوونەکانەوە و ڕەچاوکردنی وردی گوزارشتە چڕ و پڕ و دەوڵەمەندەکان و دەستنیشـانکردنی وێـنە بـاڵا و جـوان و قەشـەنگەکان، وەک ئەوەی کە شاعیر دەڵێت:

**(لە زەویەکانمانـــدا، لە وشـــکانیەکانمانـــدا لە دەریـــا و زەریاکانمانـــدا، لە گەنمەکانمانـــدا، لە خوێیەکانمانـــدا لە برینەکانمانـدا، هەمـوو شـتێکیان داڕنـی، لە یاداشـتەکانی یادەوەریەکاندا هەموو شتێکیان دەرکرد)[1].**

٣ــ جوانکــارییەک کە دەقەکە چێــژدار بکــات، چــونکە ڕوونــی شــێوازەکە، دەبێــتە یارمەتیــدەرێک بــۆ تێگەیشــتن، هێــزیش دەبێــتە یارمەتیــدەرێک بــۆ کــارتێکردن، کەچــی

---

١ـ لە شیعری (ایها المارون بین الکلمات العابرة) شاعیری فەلەستینی مەحموود دەرویش وەرگیراوە.

جوانكاريی له شێوازدا خوێنەر كەمەندكێش دەكات و وای لێ دەكات، وتارەكە لە سەرەتاوە تا كۆتایی بخوێنێتەوە، ئەویش بە بەكارهێنانی وشەی سازگار و ڕستەی گوزارشتكار دوور لە وشەگەلی نامۆ و ڕستەی دزێو و گوزارشتی سەرنجڕاكێش، بەمشێوەیەش جوانكاری لە شێوازدا دروست دەبێت، ئەم توخمەش لەم دەقەی خوارەوەدا تێبینی دەكەین، كە پارچە شیعرێكی (جوبران خەلیل جوبران)، بە ناونیشانی **(فرمێسك و خەندە)**یە:

**((.. ئێوە لەو گوڵانە دەچن كە لە سێبەرەكاندا نەشونما دەكەن، چەند شنەبایەكی نەرم و ناسك دێن و تۆوەكانتان حەواڵەی ڕۆشنایی خۆر دەكەن، ئینجا لەوێدا ژیانێكی جوان بەسەردەبەن.**

**ئێوە هاوكوفی چەند درەختێكی ڕووتەڵەن، كە بەفری زستان باریانی گران كردووە، لە ئایندەدا بەهارێك ڕووتان تێدەكات، كە بە گەڵای سەوز و تەڕ ڕووپۆشتان دەكات.**

**ڕاستەقینەكە دەمامكی ئەو ئەسرینەتان دەدڕێنێت، كە زەردەخەنەكانتانی پەردەپۆش كردووە)).**

## ڕەگەزی سێیەم: پلان

نەخشە یان پلانی وتارەکە، ئەو شاڕێگایەیە کە نووسەر دەیگرێتەبەر، بۆ گوزارشتکردن لە بیروبۆچوونەکانی خۆی، جا بێگومان گەر نووسەر مەشخەڵەکانی ئەم ڕێگایە لە سەرەتاوە دەستنیشان نەکات، ئەوا هزر و بیر و بۆچوونەکانی پەرتەوازە دەبن و دەفەوتێن، هەرچەندە لەم بوارەدا شێوازەکەی سەرنجڕاکێش بێت، کەچی گەر پلان دانەڕێژێت، ئەوا نووسینەکەی بێ سەرەنجام دەبێت، چونکە وەک ئەوەی لێ دێت، کە دوو ڕوو و هەرەکانی ژێر دەستی بزر بکات و لەناو جەنجاڵی هەموو ئەو دەربڕین و وشە و واژانەدا گەنجینەی بۆچوونەکانی بە فەتارەت بدات.

جا ئەو نەخشە (پلانە)ی کە نووسەری وتارەکە لەژێر ڕووناکیدا کاری نووسینەکەی ڕایی دەکات، لەم خاڵانە پێکدێت: پێشەکی، خستنەڕوو، کۆتایی.

نووسینی پێشەکی ڕێگاخۆش دەکات بۆ ئەوەی بابەتەکە بەجوانی و ڕێکوپێکی پێشکەش بکرێت و بەرایەک بخرێتەڕوو، وەک ئامادەکارییەک بۆ ڕوونکردنەوەی ماناکان و ئەو هزر و بیرە سادانەی، کە هیچ تەمومژی و شێواوییەکیان تیادا نییە، پێشەکی

زۆرجـار پرسـیارگەلێک دەگرنەخـۆ، کە تاسـە و ئـارەزووی خـوێنەر دەبـزوێنن، بـۆ ئەوەی وەڵامیـان بـۆ بـدۆزێتەوە، هەنـدێک جـاریش پێشـەکی بەکـورتی پـوختەی ئەو شـتانە دەگرنەخـــۆ، کە نووســـەرەکە خوازیـــاری ئەوەیە لە وتارەکەیـدا پێشکەشـی بکـات و خـوێنەرەکەی بـۆ پەلکـێش بکات.

جـا خسـتنەڕووی بـابەتەکە یـان نمایشـکردنی کـڕۆک و بڕبڕەی بابەتەکە، دەبێ ئەو مەسەلە جەوهەریان بگرێتەوە، کە نووسـەر لە وتارەکەیـدا خوازیـاری وتنیـانە، پێویسـتە نووسەر ئەو بابەتانە لە مێشکیدا ئامـادە بکـات، کە دەیەوێ لە وتارەکەیدا بیانڵێت و شـرۆڤەیان بکـات و شـیان بکـاتەوە و بەپێـی نەخشـە و پـلانەکەی خۆشـی ئەو هـزر و بیـر و کێشـــانەی کە لە وتارەکەیـــدا دەیـــانهێنێتە گـــۆڕێ، چارەســەریان بــۆ بــدۆزێتەوە، بەو مەرجەی کە بە بەڵــگە پاڵپشـتیان بکـات و بە وتەی جـوان بیانسـەلمێنێت، جـگە لەمەش پێویستە نووسەر زنجیرەبەندیەکی لۆژیکانە بۆ ئەو بۆچوونانەی بکات، کە لە وتارەکەیدا باسیان دەکات، ئینجا گرنگـی و بەڵـگە و پەیوەنـدییەکانیان بە بـابەتی سـەرەکی وتارەکەوە ببەستێتەوە، بەگشـتیش بـابەتەکە نـابێ لە بیر و مێشـکی نووسـەرەکە بێـتەدەر، بەڵکـو دەبـێ هەمیشـە

بـابەتەکەی لەیادبێـت، بـۆ ئەوەی بۆچوونەکـانی خـۆی بە کرۆکـی بـابەتەکەوە ببەسـتێتەوە، گرنگتـرین و دیـارترین مەسـەلەش کە کرۆکی بابەتەکە لەوانی دی جیا دەکاتەوە ئەوەیە پابەنـدبوون بە کرۆکـی بـابەتەکە و بیروبۆچوونەکانی نووسەر ڕێکدەخات و بۆ چەند توخمێک پۆلێنیـان دەکـات و زنجیرەبەنـدییەکی وایـان بـۆ دەکـات، کە قۆناغەکـان و بیرۆکەکـانی نـاو بـابەتەکە یەک بەدوای یەکدا بێن و بۆچوونەکان بەجوانی ڕیز ببەستن.

(کۆتـایی)یش لە کـورتکردنەوەی ئەو دەرەنجامـانە پێکدێت، کە نووسەر لە وتارەکەیدا باسیانی لێوە کردووە، خەسڵەتەکانی نووسـینی کۆتـایش ئەوەیە، دەبـێ کـورت و پوخت و ورد بێت.

### ٣. جۆری سێیەم: نامە Thesis

ئەم جـۆرە نووسـینە تـوێژینەوەیەکی درێـژە، قوتـابی ئامادەی دەکات و بەهـۆیەوە بەڵگەنـامەی زانستی بـاڵا یان ماسـتەرنامەی پـێ بەدەسـت دێنێـت، نـامەکە دەبـێ لە تـوێژینەوەی پـۆل درێژتربێـت (١٠٠ - ٢٠٠ لاپەڕە)یـە، کە بەپێـی بـابەتەکە و بەگـوێرەی سـەرچاوە و بەکارهێنـانی سەرچاوەکان زیاد و کەم دەکات، جگە لەمەش ئەم جۆرە نامانە دەبێ وردتـر بـن و تەکنیکی نووسینیان زیاتر تیادا

ڕەچاو بکرێت و بنەماکانی توێژینەوە و یاساکانی میتۆدی زانستیان تیادا پراکتیزە بکرێت.

بابەتی ئەم جۆرە نامانە دەبێ تازە بێت و گرنگی بە دەرخستنی توانای قوتابی بدات، لەسەر بەکارهێنانی تەکتیکێک یان زیاتر لە تەکتیکەکانی توێژینەوەی زانستی، جگە لەوەش گەیشتن بە دەرەنجامێکی پۆزەتیڤانە یان تێگەتیڤانە دەبێ یەکێک بێت لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە و ماوەی سەرقاڵبوونی توێژەرەکەش نابێ لە ساڵێک کەمتربێت.

**٤. جۆری چوارەم: تێز**(Doctorate Dissertation)

ئەم جۆرە توێژینەوەیەکی درێژە، کە قوتابییەک ئامادەی دەکات، بڕوانامەی ماستەری هەبێت، بەم توێژینەوەیە قوتابییەکە بڕوانامەی دکتورا بەدەست دێنێت، دکتۆرانامە لە هەموو خاڵەکاندا لەگەڵ ماستەرنامەدا یەک دەگرێتەوە، تەنها ئەمە نەبێت، دکتۆرانامە درێژترە و ماوەیەک دەخایەنێت، کە لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت، دەشبێ وردتر و قووڵتر و شیکارتربێت، لەمجۆرە نامانەدا پێویستە توێژەر توانایەکی تایبەتی لەسەر هۆنینەوەی ڕستە و نووسین هەبێت، بەشێوەیەک بتوانێت دەقێک بنووسێت، لە زانست و زانیاری دەوڵەمەند و چڕوپڕبێت یان لە بواری

پسپۆڕێتییەکەیدا ماددەیەکی تێروتەسەل پێشکەش بکات، هەروەها ئامادەکردنی دکتۆرانامە پێویستی بە ژمارەیەکی زۆری سەرچاوە هەیە، بە هەمان شێوەش نووسەری ئەم نامانە دەبێ ڕەسەنخوازبێت و بە لێبڕاویەوە کارەکەی ڕایی بکات و بۆچوونی تایبەتی خۆی لە تویژینەوەکەدا بخاتەڕوو.

**٥. جۆری پێنجەم: تویژینەوە پسپۆڕییەکان**

ئەمجۆرە تویژینەوانەش ئەو مامۆستایانە ئەنجامی دەدەن، کە بڕوانامەی دکتۆرایان هەیە، تیایاندا کۆمەڵە بابەتێکی زانستی باس دەکەن، بە پشت بەستن بەو ئەزموون و شارەزاییەی بەدەستیان هێناوە، ئەویش بۆ خزمەتکردن و دەوڵەمەندکردنی مەعریفە و زانست. گرنگترین ئەم تویژینەوانە ئەوانەن، کە لەو گۆڤارە زانستیانەدا بڵاو دەکرێنەوە، ناوخۆیی یان جیهانین، لەوانەشە جاری وا هەیە ئەو تویژینەوانە بەشداریان لە کۆنگرە زانستییە پسپۆڕییەکاندا پێ بکرێت.

ئەم تویژینەوانە کاتێک کە دەکرێنە ناو مەلەفی ئەکادیمی تایبەت بە لێکۆڵەرەکانیان لە زانکۆکاندا، ئەوا دەبنە بەرایەک بۆ ئەوەی سازدەرانی ئەو تویژینەوانە پلەی زانستی بەرزتر بەدەست بێنن، وەکو (مامۆستا)، یان پلەی

بەرزتر بەدەست بهێنن و ببنە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر - Assistant Professor)، لە دوای ئەمەش، بەرزترین پلە کە بەدەستی بێنن، پلەی (پرۆفیسۆر - Professor)ە[1].

---

١- ناوی توێژینەوەکان لە قۆناغەکانی خوێندنی باڵا جیاوازن، بە هەمان شێوەش پلە و پایە زانستییەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە جیاوازن، ئەویش بەگوێرەی فرەیی پسپۆڕێتییەکان و فرەیی و هەمەجۆری زانکۆکان و ئەو سیستەمانەی لە هەر یەکەیان پەیڕەویان لێ دەکرێت.

# چوارەم

# خەسڵەتەکانی توێژەر

**توێژەر:** Researcher

توێژەر ئەو کەسەیە هەروەکو باسمان کرد، ئامادەکردن و نووسینی توێژینەوەکە ئەنجامدەدات، توێژینەوە لە خودی خۆیدا کارێکی زانستی گرنگە، لەبەر ئەوە پێویستە خەسڵەت و جیاکاری تایبەت لەو کەسەدا بەدی بکرێت، کە بە کاری توێژینەوە هەڵدەستن، مەرجیش نییە هەموو قوتابییەکی زیرەک، وانەکانی بەسەرکەوتوویی بڕی بێت، لە نووسینی توێژینەوەدا لێهاتوو و کارامە بێت، چونکە توێژینەوە پێویستی بە خواست و ئارەزووی فێرخوازی هەیە لەلای ئەو کەسەی کە ئەنجامی دەدات، جگە لەوەش کۆشش و حەزی فێربوون و گەڕان بە دوای مەعریفە شتێکی تایبەتە و لای هەموو کەس بەدی ناکرێت،

دیــارترین و گرنگتــرین ئەو خەســڵەت و جیاکاریــانەی کە دەبێ توێژەر جێبەجێیان بکات، ئەمانەن:.

**١. ئارەزوو:** دەبێ توێژەر ئارەزوویەکی وای هەبێ بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە، ببێتە پاڵنەرێک بۆ کۆششکردن و بەرەنگاربوونەوەی سەختییەکان، تاکو سارد نەبێتەوە و بەلێبڕاوەیی کاری توێژینەوەکە بگەیەنێتە ئەنجام.

**٢ــ ئەمــانەتی زانســتی و (دەســپاکی):** ئەمەش لەم خاڵانەوە بەدەست دێت:

أ ــ تێگەیشــتنی ڕاســت و دروســت و وردی وتەکــانی کەسانی دی.

ب - پێویستە لە ڕایی کردنی پرۆژەی توێژینەوەکەیدا، پشت بە کەسانی دی نەبەستێت.

پ - کۆششی کەسانی دیکە بۆ خۆی نەقۆزێتەوە و نەیکاتە موڵکی خۆی.

ت - هیچ دەقێک بەبێ ئاماژەپێکردن وەرنەگرێت، ئەویش بەگوێرەی یاسا و ڕێساکانی وەرگرتن لە سەرچاوەکانی ترەوە.

**٣. بابەتیبوون:** توێژەر دەبێ بابەتی بێت بەشێوەیەک کە مەبەستی گەیشتن بێت بەڕاستەقینەکە بەبێ هیچ پێچ و پەناو لادانێک، کە ئەمەش پەلی توێژەر رادەکێشێت بەرەو

بابەتی بوون و لاگیری نەکردن بۆ هیچ بیروبۆچوونێک و نەوتنی هیچ شتێک بەبێ بەڵگە و سەلماندن.

**٤. مەعریفە و ڕۆشنبیری فراوان:** باکگراوندی مەعریفی و ڕۆشنبیری بە هانای توێژەرەوە دەچێت بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی و دەبێتە پاڵنەرێک بۆ ڕایی کردنی پرۆژەی نووسینەکەی، ڕۆشنبیری باشترین توێشووە بۆ توێژەر، ئەم خەسڵەتەش لە ئارەزووی خوێندنەوە دەناسرێت.

**٥. خەیاڵی فراوان:** زۆر لە بیر و هزرەکانی مرۆڤایەتی لە ئاسمانی خەیاڵدا هەڵدەفڕێن، پێش ئەوەی لە زەمینی واقیعدا پراکتیزەبکرێن، بەڵام پاشان بوونە واقعێک و باوەڕیان پێکرا و جێبەجێکران، لەبەر ئەوە خەیاڵ گرنگە، هەرچەندە خەیاڵ فراوان بێت، ئەوا بیروبۆچوونەکانیش فراوانتر و دەوڵەمەندتر دەبن.

**٦. عەقڵی ڕێکخەر:** توێژینەوە پێویستی بە بیروبۆچوونی ڕێکوپێک و ڕیزبەندکراو هەیە، نەک بیروبۆچوونی شپرزە و تێکەڵ و پێکەڵ و پەرتکراو، چونکە یەکێک لە ڕۆڵەکانی توێژەر ئەوەیە کە زانیارییەکانی بندەستی ڕێکبخات و لە مێشکدا پۆلێنیان بکات، پاشان ڕاپۆرتی توێژینەوەکەی بنووسێت، بە شێوەیەک بە کەڵکی ئاشکراکردن بێت.

# پێنجەم

# میتۆدی توێژینەوە

**میتۆد** Method:

**مانای میتۆد لە زماندا:** ڕێگەی ڕوون و ڕۆشن دەگەیەنێت.

ـ لە (لسان العرب)دا هاتووە: ڕێگایەک کە ڕوون و ئاشکرا بێت، و ئەو ڕێگایە ڕوون بووەوە و دەرکەوت.

ـ میتۆد: ڕێگەی ڕوونە، و ڕێگەیەکی ڕاستە[1].

جا زاراوەی میتۆد لە سەدەی حەڤدەهەمەوە لەسەر دەستی فرانسیس بیکۆن[2] و ژمارەیەک زانای دی سەری

---

١ـ ابن منظور، لسان العرب، بيروت، دار احياء التراث العربي، ١٩٨٨، ج ١٤، ص ٣٠٠.

٢ـ Francis Bacon (١٦٠٠ ـ ١٦٦٧) فەیلەسووف و بیرمەندێکی فەرەنسییە، یاساکانی میتۆدی ئەزموونگەری داڕشت، ئەویش لەو

هەڵــدا، کە گرنگییــان بە میتــۆدە ئەزموونییەکــان دەدا، هەرچەنـدە پێشـتر کـۆمەڵە میتـۆدێکیش لە ئـارادا هەبـوون، موسڵمانەکان پەیڕەویان دەکرد.

**مانــای زاراوەیــی میتــۆد:** ڕێگــەی تــوێژینەوە چەنــد پێناسەیەکی بۆ کراوە، کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

**١ــ ((ئەو ڕێگــەیەیە کە دەتگەیەنێــتە ڕاســتەقینەی زانستەکان، ئەویش بەهۆی کۆمەڵە یاسایەکی گشتییەوە، کە هەژموونیان بەسەر ڕەوشی عەقڵەوە هەیە و کردەکانی دەستنیشــان دەکەن، تــاکو عــەقڵی مــرۆڤ دەگــاتە دەرەنجامێکی زانراوەوە))[1].**

**٢ـ ((کۆمەڵە یاسایەکی گشتییە، توێژەر پشتیان پێ دەبەســتێت، بــۆ ڕێکخســتنی ئەو بیروبۆچــوون و زانیاریانەی، کە لەبەر دەستیدان، ئەویش لەپێناو گەیشتن بەو دەرەنجامانەی، کە خوازیاری گەیشتنە پێیان))[2].**

---

پەرتووکەیدا کە ناوی (ئارگانۆنی تازە) بوو، ئەم پەرتووکەش لە ساڵی (١٦٠٨) کاری پێکرا، پاشان (١٢) جار هەمواری کردەوە، ئینجا لە ساڵی (١٦٢٠) بڵاوکرایەوە.

١ـ بدوي، عبدالرحمن، مناهج البحث العلمي، القاهرة، دار النهضة العربية، ص ٥.

٢ـ الفضلي، مصدر سابق، ص ٥١.

به گوزارشــتێکی دیــکە دەکــرێ بوترێــت، **میتــۆد ئەو ڕێگەیەیە کە توێژەر بۆ نووسینەوەی توێژینەوەکەی پشتی پێ دەبەستێت، ئەم میتۆدەش لە زانستێکەوە بۆ زانستێکی دیکە و لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دیکە دەخەینەڕوو.**

# شەشەم

# جۆرەکانی میتۆد

زانستی میتۆدەکان (Methodology) ئەو زانستەیە کە باس لە ڕێسا و یاسا و ئەو ڕێگایانە دەکات، پێویستە توێژەر بیانگرێتەبەر بۆ بەدەرەنجام گەیاندنی توێژینەوەکەی، ئەم زانستە کۆمەڵە ڕێگایەک پێشکەش دەکات و بەگوێرەی بواری توێژینەوەکە و بەگوێرەی فرەیی زانستەکان و هەمەجۆری بابەتەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، چونکە هەر زانستێک میتۆدی تایبەت بە خۆی هەیە، هەرچەندە هەندێک میتۆد هەن، لە ویست و خواستەکانیاندا هاوبەشن.

جا ئێمەش لەبەر ئەوەی خوازیاری ئەوەین ئەم باسە لە کورتی ببڕینەوە و قسەکردنەکانمان تەنها لەسەر

(توێژینەوەی پۆل) ڕاهێنەرانە دەوەستێت، لەبەر ئەوە زۆر باس لە میتۆدەکان ناکەین. هەرچەندە بای خۆشیان گرنگن، هۆکارەکەش ئەوەیە نامانەوێ مێشکی قوتابی بشڵەژێنین، چونکە مەبەستمان لەم کورتەیە هاندانی قوتابییە لەسەر نووسین و توێژینەوە، بۆیە تەنها کورتەیەکی پێویست لەمەڕ میتۆدەکان دەخەینەڕوو:

**١. میتۆدی ئەزموونی** Experimental Method:

ئەم میتۆدە لە زانستە سروشتییەکاندا بۆ توێژینەوە بەکاردەهێنرێت و تیایدا توێژەر دەبێ پشت بە ئەزموون و تێبینیکردن و بینین ببەستێت، ئەم میتۆدە لەسەر ئەم پایانە ڕادەوەستێت:

- دەستنیشانکردنی گرفتەکە (بابەتی توێژینەوەکە).
- دەستنیشانکردنی گریمانەکان.
- جێبەجێکردنی تێبینییەکان و ئەزموون بۆ تاقیکردنەوەی گریمانەکان.

هەر کاتێک گریمانەکان لە تاقیکردنەوەدا سەرکەوتن، ئەوکاتە شتێکمان بۆ دەستەبەر دەبێت، کە بە (تیۆر Theory) نازەد دەکرێت، هەر کاتێکیش بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە لەسەر ڕاست و دروستی تیۆرەکە دروست بوو، بەبێ ئەوەی دژیەک بێت لەگەڵ تیۆرێکی دیکەدا،

ئەوساتە وەختە دەرەنجامێکمان بۆ دروست دەبێت کە پێی دەوترێت (یاسا).

**٢. میتۆدی مێژوویی** Historical method:

ئەم میتۆدە بە (دیکۆمینتاری)ش ناوزەد دەکرێت و بەوە پێناسـە دەکرێـت: کە:((**کـۆمەڵە ڕێـگە و تەکنیکـارییەکە، توێژەری مێژوویی و مێژوونووس پەیڕەویان دەکات، بۆ گەیشـتن بە ڕاسـتەقینە مێـژووییەکە و بونیادنـانەوەی ڕابوردوو بە هەموو هەڵوێست و ڕووداوەکانیانەوە**))[1].

کەواتە ئەم میتـــۆدە بـــۆ گێـــڕانەوەی ڕووداوە بەسەرچووەکان بەکاردەهێنرێت، وەکو خۆی بەبێ هیچ زیـاد و کەمییەک: لەبەر ئەوە بە میتـۆدی (هێنـانەوە)ش نـاوزەد دەکرێـت، هەروەهـا لەسـەر کـۆمەڵە یاسـایەک دەوەستێت، کە یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتنی مێژوو چ وەکو دەق و چ وەکـو ڕووداو بەبـێ هـیچ تێکەڵکێشـی و تەمومژییەک، ئەمەش پشت بە ڕەچاوکردنی پرۆسـەی بە بەڵگەکردنـی دەقەکـان و پاککردنەوەیـان لە هەمـوو لار و لەوێریەک دەبەستێت، هەروەهـا پەیوەنـدی بە تێگەیشـتنی

---

١ ـ دويدري، رجاء، البحث العلمي أساسياته النظرية و ممارسته العملية، ط١، دمشق، دار الفكر، ٢٠٠٢، ص ١٥١.

مەرامە ڕاستەقینەکانیەوە هەیە، ئەویش پاش ئەوەی لە بوارە سروشتییەکەی خۆیدا دادەنرێت.

**٣. میتۆدی عەقڵی** Rational Method:

ئەم میتۆدە بەوە پێناسە دەکرێت، کە ((**میتۆدێکی گونجاوە بۆ توێژینەوەی بنەما عەقڵییەکان، و لەسەر یاسای زانستی لۆجیک دامەزراوە و دەوەستێت**)). ئەم میتۆدە لە زۆربەی توێژینەوە ئیسلامییەکان پشتی پێ دەبەسترێت، سەرباری بوارەکانی فەلسەفە و زانستی بنەماکامی فیقهـ و زانستی کەلام.

**٤. میتۆدی وەسفی** Descriptive method:

ئەم میتۆدە بەوە پێناسە دەکرێت، کە ((**شێوازێکە لە شێوازەکانی شیکردنەوەیەکی چڕ لەسەر زانیاری ورد و تێروتەسەل دەربارەی دیاردەیەک یاخود بابەتێکی دەستنیشانکراو، یان قۆناغێک لە قۆناغەکانی مێژوو، ئەویش بە مەبەستی بەدەستهێنانی دەرەنجامی زانستی، پاشان شرۆڤەکردنی بەشێوەیەکی بابەتیانە، کە لەگەڵ پێدراوە کردەییەکانی دیاردەکە بگونجێ**)) [(١)].

---

١. هەمان سەرچاوە، ص ١٨٣.

ئەم میتـــۆدە پشـــت بە وەســـفکردنی دیـــاردەیەک لە دیاردەکان دەبەستێت، بە مەبەستی پەیبردن بە هۆیەکانی دیاردەکە و ئەو فاکتەرانەی کە کۆنترۆڵی دەکەن، هەروەها هەڵهێنجانی دەرەنجامەکان بـە مەبەستی گشتاندنیان، جا تـــوێژینەوە کۆمەڵایەتییەکـــان بەگشـــتی و بەتـــایبەت زانســتەکانی جوگرافیــا و کــۆمەڵایەتی و مرۆیــی، هەمــوو پشــت بەم میتــۆدە دەبەســتن، میتــۆدی وەســفی چەنــد شێوازێک لەخۆ دەگرێت:

**أ. شێوازی ڕووپێو** Survey method: بەپێی ئەم شـێوازە دیــاردەکە بەگشــتی دەخــرێتە بەر تــوێژینەوە، واتە دەبــێ دیــاردەکە بە هەمــوو فــاکتەر و هۆکارەکــانی لێکبــدرێتەوە، ئەمەش بە (بەدواداچوون) ناودەبرێت.

**ب . شێوازی (حـاڵەت . بـارودۆخ** : Case method): ئەم شێوازەش یەک حاڵەت یان چەند حاڵەتێک لەخۆ دەگرێت و تـوێژینەوەیەکی قـووڵی بـۆ دەکرێـت لەگـەڵ شـیکردنەوەی هەموو فـاکتەرە کاریگەرەکـان و گـرنگیش بە سـەراپای ئەو حاڵەتە دەدرێت، کە بۆ توێژینەوە لەبەردەستدایە[1].

١. لەو نموونە ناسراوانەی کە دەربارەی (حاڵەت) لە توێژینەوەدا هەیە، ئەو توێژینەوەیەیە کە پزیشکی نەشتەرگەریی ئەمریکی

**پ ـ شێوازی شیکردنەوەی حاڵەتەکە Case Analysis**: ئەم شێوازە پشت بە وەسفێکی ڕێک و وردی ناوەرۆکی دەقە نووسراوەکە یان گوێبیستییەکە دەبەستێت، لەم شێوازەدا تەنیا زانیارییەکان لەم دەقانەوە وەردەگیرێن، بەبێ هیچ پێویستییەک بۆ بەکارهێنانی سەرچاوەی دیکە بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری.

**٥ـ میتۆدی تەواوکاری Integrative method**:

ئەم شێوازە وا دەخوازێت کە لە یەک میتۆد زیاتر بەکاربهێنرێت، بۆ ئەوەی تەواوکاریەک لەنێوانیاندا دروست ببێت، بۆ نموونە زانستی ئاخاوتن لەوانەیە لەسەر پایەی هەردوو میتۆدی عەقڵی و مێژوویی بوەستێت[١].

---

بایۆمۆن Baumoun (١٧٨٥ ـ ١٨٣٥) لەسەر نەخۆشێک ئەنجامیدا، کە بەهۆی فیشەکێکەوە سکی کون ببوو، ئەم نەخۆشە چارەسەرکرا، بەڵام کونی سکی هەروەک خۆی مایەوە و ئەم پزیشکە لەڕێگەی ئەو کونەوە خۆراکی دەخستە سکی نەخۆشەکەوە و پاشماوەکەی دەردەکرد، جا بە (٢٣٨) جار تاقیکردنەوە و دووبارەکردنەوەی ئەم حاڵەتە، توانرا بگاتە یەکەمین تێگەیشتن سەبارەت بە چۆڕاوی گەدە و توانرا شرۆڤەیەکی سەرەتایی بۆ فیزیۆلۆجیای هەرسکردن بدۆزێتەوە.

١ـ هەمان سەرچاوە، ل ٥٣ ـ ٦١.

لێرەدا چەندەها میتۆد هەن کە لەسەریان ناوەستین: وەکو میتۆدی ئاماریی و میتۆدی ڕواڵەتی و میتۆدی بەراوردکاریی و میتۆدی مشتومڕیی.

# بەشی دووەم
# ئامادەکارییەکانی پێش نووسینی توێژینەوە

یەکەم: هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی بواری توێژینەوە

دووەم: خوێندنەوەی خێرا

سێیەم: پلانی توێژینەوە

چوارەم: کۆکردنەوەی ماددەی توێژینەوە

# یەکەم
# هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی بواری توێژینەوە

لێرەدا کۆمەڵە پێشەکییەکی پێویست هەن، کە پێویستە قوتابی دەستپێشخەربێت و ئامادەکارییان بۆ بکات، بۆ ئەوەی بێ یەک و دوو بچێتە ناو قۆناغی نووسینی توێژینەوەکە، لە ڕاستیدا ئەم بەرایيانە گەر قوتابی پشتگوێيان بخات، یان پەلەیان تیادا بکات، ئەوا دەبێتە هۆکاری کەوتن و نوشوستهێنان، یان دەبێتە هۆی وەستانی پرۆژەکە، جا بۆ ئەوەی ڕەچاوی ئەم شتە بکەین، پێویستە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێ بکەین:

**هەنگاوی یەکەم: دەستنیشانکردنی بواری توێژینەوە**

هەموو قوتابییەک توانای تایبەتی خۆی هەیە، کە لەوانی دی جیای دەکاتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە قوتابی لە

سەرەتای توێژینەوەکەیدا ئەو بوارە دەستنیشـان بکات، کە پرۆژەی نووسینەکەی تیادا ئەنجام دەدات، تـاکو بە حەز و تاسەوە کاری بۆ بکـات، چونکە لەوانەیە قوتـابی حەز بەوە بکات، توێژینەوەیەکی فیقهی ئەنجام بدات، یان ئارەزووی لە تـوێژینەوەیەکی بـواری قورئـانی یـان فەلسـەفی یـان پەروەردەیی یان پزیشکی یان کۆمەڵایەتی بێت...

هەر قوتـابییەک گەر پێشـەکییەکی زانسـتی تـایبەتی نەبێـت، ئەوا ناتوانێـت دەربـارەی بـابەتێکی گرنگـی وەکـو فەلسەفە بنووسێت، یان لە بواری فیقهـ و بابەتە فیقهییەکان شـت بنووسـێت و ئیـدی بەمشـێوەیە.. کەواتە پێویسـتە بـواری تـوێژینەوەکە دیاریبکرێـت، کە ئەمەش پرۆسـەیەکە لەژێر ڕووناکی ئەم خاڵانەدا بڕیاری لەسەر دەدرێت:

١ـ پێویسـتە قوتـابی ئەو بابەتـانە هەڵبژێرێت، کە لەگـەڵ توانا زانستی و زمانەوانییەکانیدا دەگونجێن.

٢. پێویستە بواری توێژینەوەکە پاڵنەر و هاندەر بێت بۆ قوتابییە توێژەرەکە.

٣. پێویسـتە هیچ لەمپەرێکی زانسـتی لە ئارادا نەبێت، بـۆ نمـوونە دەسـتنەکەوتنی سـەرچاوەی پێویسـت دەربـارەی بابەتی توێژینەوەکە.

**هەنگاوی دووەم: دەستنیشانکردنی بابەتی توێژینەوە**

پاش دەستنیشانکردنی بواری یەکەمی توێژینەوەکە، پێویستە جەخت لەسەر بوارێکی تەسکتر بکەینەوە، ئەویش لەڕێگەی دەستنیشانکردنی بابەتی توێژینەوەکە، بۆ نموونە دەکرێ بەشی فیقهی دەستینشان بکەین و باس لە (نوێژ، بازرگانی، دادوەریی) بکەین، یان باس لە زانستی قورئان بکەین و بوارەکە دەستنیشان بکەین (زانستەکانی قورئان، شرۆڤەکردنی قورئان، سەرسوڕهێنەرەکانی قورئان)، یان جۆری ئەو بیرە فەلسەفییە دەستنیشان بکەین، کە کاری لەسەر دەکەین (فەلسەفەی یۆنانی، فەلسەفەی هاوچەرخ یان فەلسەفەی ئیسلامی)، یان ئەو مەیدانە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییە دەستنیشان بکەین، کە دەبێتە بابەتی توێژینەوەکەمان، بەمشێوەیە ئێمە چوارچێوە و بواری توێژینەوەکە تەسک دەکەینەوە، تا دەگەینە تەسکترین چوارچێوە، یاخود بچووکترین بواری توێژینەوەکە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە چەند مەرجێکی زیاتر هەن، پێویستە لە توێژینەوەکانی دیکەدا، واتە توێژینەوەکانی بەدەر لە توێژینەوەی پۆل، کە لە خودی بابەتەکەماندا بەرجەستە دەبێت، ئەویش وەکو پێویستییەک کە پێویست دەکات بابەتەکەمان گرنگییەکی زانستی هەبێت

و پێشـــوەخت تـــوێژینەوەی لەســـەر نەکرابێـــت و باســـی نەکرابێت.

**هەنگاوی سێیەم: دەستنیشانکردنی ناونیشانی توێژینەوە**

ناونیشـانی تـوێژینەوەکە هەنگـاوی کۆتـاییە و بنەمـایەکە بـۆ دەستنیشـانکردنی بـواری تـوێژینەوەکە و سـەرکەوتنی پـــرۆژەکە بەوەوە بەنـــدە، جـــگە لەوەش ڕانەوەســـتان و بەردەوامبـوون بـۆ سـەرکەوتنی ناونیشــانە دەگەڕێـتەوە، چونکە جاری وا هەیە ناونیشـانەکە لەگەڵ ئەو خـاڵانەی کە لەپێشــەوە باســمان کــردن گونجـاو نیـیە، گرنگتـرین ئەو مەرجانەی کە لە ناونیشانەکەدا دەبێ ڕەچاوبکرێن، ئەوەیە نابێ ناونیشان فراوان و گشتگیربێت، بەڵکو دەبێ تەسک و دیـاریکراو و چڕ بێـت و بە ئاراسـتەیەکی وادا بـڕوات، کە قوتـابی بەرەو بـابەتی دیـکە و زانیـاریی بەدەر لە بـابەتە پەلکێش نەکات، نەوەکو تواناکانی قوتابی لاواز بن.

بە دەربڕینێکی دیکە گەر قوتابی ناونیشانێکی فـراوان و گەورە هەڵبژێرێت، ئەوا ناچار دەبێت بەدرێژیی دەربـارەی بـابەتەکە بنووسـێت، ئەمەش لە مەبەسـتە سـەرەکییەکەی ناونیشـانەکە دووری دەخـاتەوە و شـپرزەی دەکـات، ئەگەر بـۆ تـوێژینەوەکەی ناونیشــانێکی دیـاریکراو هەڵبژێرێـت، وەکو (توێژینەوە دەربارەی ئیبن سـینا)، ئایـا لەم حـاڵەتەدا

چی دەربارەی توێژینەوەکەی دەنووسێت؟ ئایا دەربارەی ژیانی یان لایەنی پزیشکی یان لە ڕووی فەلسەفییەوە باس لە هزر و بیری (ئیبن سینا) دەکات؟ ئایا لەم حاڵەتەدا دەکرێ دەربارەی هەموو ژیان و هزر و فەلسەفەکەی (ئیبن سینا) بە یەک توێژینەوە کۆتایی بێت، یان دەکرێ بە یەک توێژینەوە باس لە هەموو دەستکەوت و دۆزینەوەی پزیشکییەکانی (ئیبن سینا) بکرێت؟ لەبەر ئەوە دەبینین کە ناونیشانی (ئیبن سینا) بۆ توێژینەوە ناونیشانێکی هەڵەیە، لەبەر ئەوە دەبێ لایەنێکی دەستنیشانکراوی ژیان و لایەنی زانستیی (ئیبن سینا) هەڵبژێرین، بۆ ئەوەی نووسینی پرۆژەکە بەرانبەر قوتابی ئاسان و سانا بێت.

لە ڕوویەکی دیکەوە وەکو نزیککردنەوەی چەمکەکە، گەر قوتابی بڕیاریدا ناونیشانی (مێژووی چیای عامل) بۆ توێژینەوەکەی هەڵبژێرێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەکەوێتە ناو دەریایەکی بێ بن لە بابەت و بۆچوون و مێژوو، چونکە (چیای عامل) مێژوویەکی سیاسی مەزنی هەیە و یەک دوو پەرتووک دادی نادات، لە ڕووی ئایینی ئیسلامیشەوە مێژوویەکی چڕوپڕی لە تێکۆشان و خەباتی دێرینی ئیسلامیدا هەیە، جگە لە مێژووە زانستیی و ئەدەبییەکەشی، چەندەها شیعر و دەقی ئەدەبی لەبارەیەوە

نووسراون، ئایا قوتابی بەستەزمان چۆن دەتوانێت لە یەک توێژینەوەدا هەموو ئەمانە بنووسێت؟ ئایا چۆن دەتوانێت بە گشتی دەربارەی (چیای عامل) بنووسێت، کە هەر گوندێک لە گوندەکانی مەتەڵ و حیکایەت و گێڕانەوەی مێژوویی تایبەت بە خۆی هەیە، کەواتە ئەم ناونیشانە گشتییە سوودی نییە و دەبێ ناونیشانی تایبەتی بۆ هەڵبژێردرێت، بۆ نموونە ناونیشانەکە بە کاتێکی دیاریکراوەوە ببەستێتەوە، یان دەربارەی لایەنێکی دیاریکراوی بابەتەکە بێت، یان تەنها دەربارەی گوندێکی، یان دەربارەی کەسایەتییەکی، یان شوێنێکی (چیای عامل) بێت، ئەوکاتە قوتابی دەتوانێت سەری لێ دەربێنێت و توێژینەوەیەکی بەسوود پێشکەش بکات.

لە ڕووی هونەریشەوە ناونیشانەکە دەبێ کۆمەڵە شتێک بگرێتەوە، لەوانە:

١ـ پێویستە ناونیشانەکە گوزارشت لە بابەتی توێژینەوەکە بکات و بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ئاماژە بە ناوەرۆکەکە بکات.

٢- پێویستە ناونیشانەکە سەرنجڕاکێش و ڕوون بێت.

٣ـ نابێ ناونیشانەکە گشتگیر بێت، بەڵکو دەبێ بە شتێکەوە تایبەت بکرێت، وەک:

ـ زانایانی چیای عامل ـ بە نموونە عیناسا.

ـ مـورتەزا مـوتەهـەریی ـ خوێـندنەوەیەک بـۆ پـەرتـووکی (العدل الالهي).

ـ سـەید حـەسـەن نەسروڵڵا ـ ڕەگـەزەکانی هێـز لە وتارەکانیدا.

## دووەم
## خوێندنەوەی خێرا

پاش دەستنیشانکردنی بوار و بابەتی توێژینەوەکە، پاشانیش هەڵبژاردنی ناونیشانێکی ورد و دیاریکراو بۆ توێژینەوەکە، پێویستە قوتابی پرۆسەیەکی خوێندنەوەی خێرا ئەنجام بدات، ئەم پرۆسەیە پشت بەوە دەبەستێت، کە قوتابی بتوانێت چاو بە ژمارەیەکی زۆری سەرچاوەکانی پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکەوە بخشێنێت، بۆ ئەوەی وێنایەکی سەرەتایی و پێشوەخت بۆ گرنگترین وێستگەکانی توێژینەوەکەی پەیدا بکات، ئەویش وەک پێشەکییەک بۆ چوونە ناو بابەتەکەوە.

ئەم خوێندنەوە خێرایە، دوو مەسەلە بە ئامانج دەگرێت:

**یەکەمیان**: دەبێتە پێوەرێک بۆ هیممەت و بەگوڕبوونی و تواناکانی قوتابی لەسەر ئەنجامدانی توێژینەوەکەی، چونکە

زۆرجـاران قوتـابیەک بە حەماسـەتەوە دەسـت دەکـات بە توێژینەوە، بەڵام کاتێک دەست دەکات بە پـرۆژەکە، چەند لەمپەرێـک دێـنە پێشـی و ساردی دەکەنەوە، تـا وای لـێ دێـت، لە ئەنجامـدانی پـرۆژەکەی پاشـگەز ببێـتەوە، یـان بـابەتێکی دیکە هەڵبژێرێت، لەبەر ئەوە خوێندنـەوەی خێرا کە لە بەراییدا ئەنجام دەدرێت، وەکو تاقیکردنەوەیەکە بۆ هێـز و بەگورِبـوون و مکورِبـوونی قوتـابی لەسـەر بـابەتی پرۆژەکە، کە ئەمەش کارەکە دەگەیەنێت ئەنجامی خۆی.

**دووەمیـان**: توانـای پلانـدانان بـۆ پـرۆژەکە، کە پرۆسـەیەکە پەیکەری گشتی توێژینەوەکە دیاری دەکات، [1] و جەستەی پـرۆژەکە رِێکـدەخات، ئەمەش لە کـۆپلەی داهـاتوودا بـاس دەکەین.

١ـ لە توێژینەوە درێژەکاندا خوێندنەوەی خێرا بەس نییە، بۆ ئەوەی پلان دابنێیت، بەڵکو پێویستە خوێندنەوەیەکی فراوان ئەنجام بدرێت، تاکو نەخشە و پلان دابرِێژرێت.

# سێیەم

# پلانی توێژینەوە Plan

پاش دەستنیشانکردنی بابەتی توێژینەوەکە، لێرەدا پێویستە توێژەر (قوتابییەکەیە) دەستبکات بە ئامادەکردنی پلانێکی دریژ بۆ پرۆژەکەی، پلان وەک ئەو ڕێگایە وایە، پێویستە پەیڕەو بکرێت تا دەگەیتە دەرەنجام، پلان وەکو ڕێبەرێک وایە بە ڕێکوپێکی کارەکانی پەیوەست بە پرۆژەکەوە بەڕێوە دەبات و توێژەرەکە لە هەموو شپرزەییەک دووردەخاتەوە.

پلانی توێژینەوەکە ئەو کاغەزەیە، کە پێویستە قوتابی پێشکەش بەو مامۆستایەی بکات، کە سەرپەرشتی توێژینەوەکەی دەکات، یان دەبێ پێشکەشی لیژنەیەکی تایبەتی بکات، بۆ ئەوەی ئەوانیش ڕەزامەندی لەسەر دەربببڕن، ئەم پلانە چوار ڕەگەز لەخۆ دەگرێت:

**ڕەگەزی یەکەم: بەرگ**

ئەم ڕەگەزەش ئەم شتانە لەخۆ دەگرێت:

١ـ ناوی دەزگاکە (زانکۆ، پەیمانگە، حەوزە)، کە تیایدا توێژینەوەکە ئەنجام دەدات (لە گۆشەی ڕاستی سەرەوەی لاپەرەکەدا شت دەنووسرێت).

٢ـ ناونیشانی توێژینەوەکە(لە ناوەڕاستی لاپەڕەکەدا دەنووسرێت).

٣ـ ناوی ئەو قوتابییەی کە توێژینەوەکەی ئامادەکردووە(لە ناوەڕاستی لاپەرەکەدا، دوای ناونیشانی توێژینەوەکە دەنووسرێت).

٤. ناوی ئەو مامۆستایەی، کە سەرپەرشتی توێژینەوەکە دەکات(ئەم ناوە لە ناوەڕاستی لاپەرەکەدا، دوای ناوی قوتابییەکە دەنووسرێت).

٥ـ شوێن و مێژووی ئامادەکردنی توێژینەوەکە (لە ناوەڕاستی خوارەوەی لاپەرەکەدا دەنووسرێت).

**ڕەگەزی دووەم: پێشەکی**

پێشـەکی دەبیَ لە دووتـوێی پـرۆژەکەدا بێت و پێویسـتە جەخـت لەسـەر پاسـاوە زانسـتییەکانی هەڵبژاردنـی بـابەتی تـوێژینەوەکە بکـات، هەروەهـا پێویســتە پێشــەکییەکە ئەم شتانە لەخۆ بگرێت:

١- پێشکەشکردنێکی مێژوویی بۆ بابەتی توێژینەوەکە.

٢ـــ گرنگـــی ئەو بـــابەتەی کە لە تـــوێژینەوەکەدا باسدەکرێت.

٣- گرنگترین ئەو هۆکارانەی، کە قوتابییەکەی هانداوە بۆ ئەوەی بابەتی توێژینەوەکە هەڵبژێرێت.

٤ــ ئەو ئــەنجــام و ئامانجــانەی کە مەبەســتێتی لەم توێژینەوەیەدا.

٥- ئەو سەختی و دژواریانەی لە کاتی ئامادەکردن یان لە کاتی نووسینی توێژینەوەکەدا ڕووبەڕوویان بووەتەوە.

**ڕەگەزی سێیەم: ناوەرۆکی توێژینەوە پێشنیازکراوەکە**

ئەم ڕەگــەزە بە بڕبــڕەی پشــتی پلانــی تــوێژینەوەکە هەژمار دەکرێت، چونکە گوزارشـت لەو ناوەرۆکـە گشـتییە دەکـات، کە قوتـابی تـوێژینەوەکەی لەسـەر بونیـاد دەنێـت، یــاخود ئەو ناوەرۆکەیــە کە ئەو جومگــانە لە دووتــوێی دەگرێـــت، و قوتـــابی لە تـــوێژینەوەکەدا خوازیـــاری

باسـكردنيانه، ئەمەش بێگومـان لە خوێنـدنەوە و ناسـينی ورد و درشـتی بـابەتەكەوە پەيـدا دەبێـت، بەڵام لە ڕووی هــونەری يــان لە ڕووی فــۆرمەوە، ئەوا نــاواخنی توێژينەوەكە هەميشە بۆ چەند بەشێک يان چەند بەندێک يان چەند لايەنێک پۆلێن دەكرێت، جا هەندێک شت هەن، پێويسـته لە ديـاريكردن و هەڵبژاردنـی ئەو بەشـانەدا ڕەچاوبكرێن، كە لەم خاڵانەدا بەرجەستە دەبن:

١ــ پێويسـته هەمـوو بەنـدێک و هەمـوو بەشـێک ناونيشانێكی دياريكراو هەڵبگرێت.

٢ــ ناونيشـانی بەنـدەكان يـان بەشـەكان دەبـێ گوزارشـتێكی تەواو لەو بـابەته بـكەن، كە ناونيشـانی توێژينەوەكە ئاماژەی بۆ كردووە.

٣ــ ناونيشـانی بەنـدەكان و بەشـەكان دەبـێ زنجيرەبەندكرابێت و تەواوكەری يەكدی بن، بەشێوەيەک هەر يەكەی ڕێخۆشكەر بن بۆ بەشەكانی دوايی خۆيان.

٤ــ پێويسـته دابەشـكردنی بەشـەكان لە ڕووی بارستاييەوە لەگەڵ يەكديدا گونجاوبن و دەبێ قوتابی وا بكات هەموو بەشەكان لە ڕووی بارستايی و ژمارەی لاپەڕەكانەوە يەكسان بن، يان هەر هيچ نەبێ نزيک بن لەيەكدييەوە، دەشبێ ئەم پرەنسيپە لە توێژينەوەكاندا

ڕەچاو بکرێت، مەگەر لەبەر حاڵەتێکی پێویست نەبێت، کە بابەتەکە دەیخوازێ.

**ڕەگەزی چوارەم: گرنگترین سەرچاوەکان**

ئەم ڕەگــەزە کۆتــایی ڕەگــەزەکانی پــلانەکەیە، دەبــێ لیستێک ئامادە بکرێت، تیایدا گرنگترین ئەو سـەرچاوانەی تیادا بنووسرێت، کە قوتابییەکە لە توێژینەوەکەیدا سوودی لێیـان وەرگرتـووە، دیسـانەوە بەو مەرجەی ئەو لیسـتە لە کۆتایی توێژینەوەکەیدا تۆمار بکات.

لەم لیسـتەدا هەمـوو ئەو زانیاریـانە تۆمـار دەکـرێن، کە لەبارەی سەرچاوەکانەوە لەبەردەستدان، کە لەم زانیاریـانە پێکدێن:

نـاوی نووسـەرەکە، ناونیشـانی پەرتـووکەکە، ژمـارەی چـاپەکە، نـاوی وەرگێـڕەکە (ئەگەر هەبـوو)، شـوێنی بڵاوکـــردنەوەکە، چاپخـــانەکە، مێـــژووی چـــاپ و بڵاوکردنەوەکە.

وەک لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت:

**. فضل الله، حسين، من هو الله، ط١، بيروت، دار الولاء، ٢٠٠٤.**

**. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.**

پاش تەواوبوونی ئەم چوار ڕەگەزە، کە پلانەکەی لێ پێکدێت، ئەم نموونەیەی کە لەبەردەستماندایە تەماشا دەکەین، کە لە پلانێکی تەواوی توێژینەوە پێکدێت:

# نموونەیەک پلانی توێژینەوە

نموونەیەک لە پلانی توێژینەوە

پەیمانگە.........................

## پلانی توێژینەوەیەک بە ناونیشانی
## گیا دەرمانی پزیشکی ـ گرنگی و مەترسییەکانی

ئامادەکردنی قوتابی

..................................

بە سەرپەرشتی مامۆستا

.................................

بیروت ٢٠٠٨

# پێشەکی

**پاساوەکانی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

چارەسەری نەخۆشی بە ڕووەک، دیاردەیەکی کۆنە و دیرۆکێکی لەمێژینەی هەیە، لەهەمان کاتیشدا زانستێکە هەموو ژیان و ژیارەکان دانیان پیادا ناوە، بۆ نموونە چینییەکان (٥٠٠٠) ساڵ پێش زایینی ئەم پیشەیەیان کردووە، میسرییە کۆنەکانیش پێش حەوت هەزار ساڵ بە ڕووەک چارەسەری نەخۆشەکانیان کردووە، ئەوانیش یەکەم کەس بوون درەختی زەیتونیان ناشت و بە زەیتەکەی چارەسەری جەرگیان کردووە، هەروەها بەڵگەشمان لەبەردەستدایە، کە هیندییەکان ئەم پیشەیەیان ئەنجام داوە.

ئەم زانستە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گوازراوەتەوە و بە هۆکاری دۆزینەوەی کیشوەری ئەمەریکا پێشڤەچوونی بەخۆیەوە بینیوە، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەم کیشوەرە گەنجینەیەکی پڕ لە ڕووەکی نایاب و بەسوود لێبووە، لە سەدەی پێنجەمی زاینیشدا نووسین و توێژینەوە دەربارەی چارەسەرکردنی بە ڕووەک سەریانهەڵدا. ئەم پێشڤەچوونانەش بەردەوام بوون، تاکو

یەکەم دەرمانخانەی ڕووەکی لە (ئیتالیا) ساڵی (١٢٢٤ ز) کرایەوە، لە سەرەتای سەدەی (١٩)ەشەوە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی چارەسەری بە داودەرمان و حەبی جۆراوجۆر، چارەسەری بە ڕووەک پاشەکشەی کرد.

بەڵام ئەمڕۆ دەکرێ بوترێت قەڵبەزەیەکی تازە لەم بوارە دانراوە و لە هەموو جیهاندا چارەسەری بە ڕووەک شانبەشانی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان تەشەنەی سەندووە، لێرەشەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەردەکەوێت، گرنگی ئەم باسە لەوەدایە کە کۆششێکە بۆ نزیکبوونەوە لە بابەتەکە و ناسینی جۆرەکانی ڕووەک و گرنگیان و ڕوونکردنەوەیەکیشە بۆ ئەو ڕێگا و شێوازانەی کە دەگرێتەبەر لە ئامادەکردنی جۆر و پێکهاتەکانی ڕووەکی پزیشکی، جگە لەمەش ئەم توێژینەوەیە مەترسییەکانی بەکارهێنانی ڕووەکی پزیشکی دەخاتەڕوو، کە لەوانەیە هەندێک کەس هەبن هەرەمەکی ڕووەک بەکاردبێنن، پاشان دەرەنجامی ترسناکی لێ دەکەوێتەوە.

ئەوەی لەم توێژینەوەیە چاوەڕوان دەکرێت ئەوەیە، کە کۆمەڵە زانیارییەک پێشکەش بکات دەربارەی ڕووەکی پزیشکی وەکو پیشەیەک سوودی لێ وەربگیرێت و بەکارهێنەرەکەی لە مەترسییەکانی بەدووربگرێت.

جا توێژینەوەکە بۆ پێنج بەش پۆلێن کراوە:

بەشـــی یەکەم، باســـی مێـــژووی چارەســـەرکردن بە ڕووەک دەکات.

بەشی دووەمیش باسی گرنگی ڕووەک و سوودەکانی دەکات.

بەشی سێیەمیش، جۆرەکانی ڕووەک دەژمێرێت.

بەشـــی چـــوارەم، ڕێگاکـــانی چارەســـەری بە ڕووەک و ئامادەکردنی پێکهاتەی دەرمانی ڕووەک دەخاتەڕوو.

بەشـی پێنجەم و کۆتـایش ئەو مەترسـیانە دەخـاتەڕوو، کە لەوانەیە بەهۆی بەکارهێنانی ڕووەکەوە پەیدا ببن.

**نموونەیەک لە پلانی توێژینەوە**

## ناوەرۆکی توێژینەوە

١. پێشەکی
٢. بەشی یەکەم: مێژووی چارەسەرکردن بە ڕووەک
٣. بەشی دووەم: گرنگی و سوودەکانی ڕووەکی پزیشکی
٤. بەشی سێیەم: جۆرەکانی ڕووەک
٥. بەشی چوارەم: ڕێگاکانی چارەسەرکردن بە ڕووەک
أ . شێوازی ئامادەکردن
ب . ئەو بەشانەی کە لە ڕووەکەکەدا بەکاردەهێنرێن
٦. بەشی پێنجەم: مەترسییەکانی چارەسەرکردن بە ڕووەک
٧. کۆتایی

## گرنگترین سەرچاوەکان

**شێوازی یەکەم/ دەستپێکردنی بە نازناو:**

١ــ جبـر، وديـع، العـلاج بالنبـات، ط١، بيـروت، دار الجيل، ١٩٨٨.

٢ـ الخزرجـي، عمـار، معجـم الأعشـاب الطبيعيـة، ط١، بيروت، دار الهادي، ٢٠٠٨.

٣ـ الخزرجي، عمـار، العـلاج بالأعشـاب الطبيعيـة، ط١، بيروت، دار الهادي، .٢٠٠٨

٤ـ رفعـت، محمـد، قـاموس التـدواي بالأعشـاب، ط١، بيروت، دار البحار، .١٩٨٨

٥ـ رويحـة، أمـين، التـدواي بالأعشـاب، ط١، بيـروت، دار القلم، .١٩٩٧

٦ــ عقيـل، محسـن، معجـم الأعشـاب المصـور، ط١، بيروت، مؤسسسة الأعلمي، .٢٠٠٣

٧ـ القباني، صـبري، الغـذاء و الـدواء، ط١، بيـروت، دار العلم للملايين، ١٩٨٧.

**ب . شێوازی دووەم/ دەستپێکردنی بەبێ نازناو**

١ـ أمين رويحة(١٩٩٧)، التداوي بالأعشاب، ط١، بيروت، دار القلم.

٢ـ عمار الخزرجي(٢٠٠٨)، معجم الأعشاب الطبيعية، ط١، بيروت، دار الهادي.

٣ـ عمار الخزرجي(٢٠٠٨)، العلاج بالأعشاب الطبيعية، ط١، بيروت، دار الهادي.

٤ـ صبري القباني(١٩٨٧)، الغذاء و الدواء، ط١، بيروت، دار العلم للملايين.

٥ـ محسن عقيل(٢٠٠٣)، معجم الأعشاب المصور، ط١، بيروت، مؤسسسة الأعلمي.

٦ـ محمد رفعت(١٩٨٨)، قاموس التداوي بالأعشاب، ط١، بيروت، دار البحار.

٧ـ وديع جبر(١٩٨٨)، العلاج بالنبات، ط١، بيروت، دار الجيل.

# چوارەم
# کۆکردنەوەی ماددەی توێژینەوە

پاش ئەوەی قوتابییەکە ڕەزامەندی لەسەر پرۆژەکە بەدەست دێنێت ــ ئەویش بەڕێگەی پێشکەشکردنی پلانەکەی، دەستدەکات بە کۆکردنەوەی ماددەی توێژینەوەکە، ئەمیش یەکێکە لە پلانی ئەو ئامادەکارییە پێویستانەی پێش قۆناغی نووسین ئەنجام دەدرێت، جا بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە پێویستە پەیڕەوی ئەم هەنگاوانە بکەین:

**هەنگاوی یەکەم: ئامادەکردنی سەرچاوە**

قوتــابییەکە لە کــاتی دانــانی تــوێژینەوەکەدا کــۆمەڵە سـەرچاوەیەکی ئامـادەکردووە . دیسـانەوە دەبـێ کۆمەڵە سەرچاوەیەکی دی ئامادە بکات، کە فراوانترن و بەربڵاوتر و گشـتگیرتر و وردتـرن، بەشـێوەیەک هەمـوو ئەو لایەنـانە بگرێتەوە، کە لە نووسینی توێژینەوەکەیدا باسیان دەکات، بەمشـــێوەیە ئیـــدی لە کـــاتی نووســـیندا پێویســـتی بە کورتکردنەوە و پوختکردنەوە نابێت.

گرنگترین ئەو سـەرچاوانەی لە توێژینەوەکەیدا دەسـتی قوتابی دەگرن، ئەمانەن:

١ـ فەرهەنگە زانستییە پسپۆرییەکان.

٢ـ توێژینەوەکـانی زانکـۆ لە هەردوو قۆنـاغی ماسـتەر و دکتۆرا.

٣ـ گۆڤار و خولاوە پسپۆرییەکان.

٤ـ پەرتووکی هەمەجۆر، کە باس لە بابەتی تـوێژینەوەکە بکەن.

٥ـــ تـــوێژینەوە مەیـــدانییەکان، وەکـــو ئامارەکـــان و ڕووپێوەکان...

٦ـ تۆڕی جیهانی (International Network)، کە بە کـورتی بە (Inter. Net) نـاوزەد دەکرێـت، لە ئێسـتادا

ڕێژەیەکی زۆر لە زانیاری و زانست و زانین دەستەبەر دەکات، کە هەموو بۆ قوتابی سوودێکی لەڕادەبەدەریان هەیە، شایانی باسە دەبێ قوتابی سەرچاوەی ئەو زانیاریانە دەستنیشان بکات، کە لە ئینتەرنێتەوە دەستی دەکەوێت، هەروەها دەبێ لەو زانیاریانە بەئاگا بێت، بەبێ ناسینی سەرچاوەکەی دەستی دەکەون، چونکە زۆرجار لەوانەیە زانیاری لە فەیسبوکەوە دەستبکەوێت، کە هیچ بەهایەکی زانستی نییە، بەڵام گەر سەرچاوەکە ڕۆژنامە یاخود گۆڤار یان ماڵپەڕێکی پسپۆڕبوو، ئەوا دەکرێ سوود لە زانیارییەکانی وەربگیرێت، بەو مەرجەی سەرچاوەکەی بنووسرێت و تۆماربکرێت.

**هەنگاوی دووەم: خوێندنەوەی شێنەیی**

لەم قۆناغەدا قوتابی پێویستی بە خوێندنەوەیەکی شێنەیی هەیە، واتە سەرچاوەکان بەئارامی و لەسەرخۆ بخوێنێتەوە، کە پرۆسەیەکی پێهویستە وەکو پێشەکییەک بۆ تۆمارکردنی زانیاری، لێرەدا پەڕەهەڵدانەوەی خێرا هیچ دادێکی نادا و هیچ سوودێکی پێ ناگەیەنێت، بەڵکو پێویستە خوێندنەوەیەکی ورد ئەنجام بدات، بەشێوەیەکی وا کە لە بابەتەکان و زانیارییەکان تێبگات، تەنانەت ئەگەر

توانی با دوو سێ جار پەرتووکەکە بخوێنێتەوە، هەر لە کۆنەوە وتراوە:**((گەر دووجار پەرتووکێک بخوێنیتەوە، لەوە باشترە دوو پەرتووک بخوێنیتەوە))**، دەبێ ئەوەش بزانین کە خوێندنەوەی دووبارە و سێبارە خەسڵەتی زانا مەزنەکان بووە، دەگێڕنەوە دەڵێن لەسەر پەرتووکی (دەروون) کە هی ئەرستۆیە، بە دەسخەتی (ئەبی نەسری فارابی) نووسرابوو:**((سەد کەرەت ئەم پەرتووکەم خوێندوەتەوە))**.

لێرەدا دەکرێ چەند بنەمایەکی خوێندنەوەی بەسوود باس بکەین:

١ـ تەرکیزکردن و تێگەیشتن لەو شتانەی کە قوتابی دەیانخوێنێتەوە، ئەم شتەش لەڕێگەی توانای دووبارەبوونەوە بۆ ئەو هزر و بیرانە دەدۆزێتەوە، کە پێشوەخت خوێندوونی، زۆرجاران کاغەزێکی نووسراو دەدەیتە کەسێک، تا بیخوێنێتەوە، پاشان لێی داوا دەکەیت ناوەرۆکی کاغەزەکەت بۆ باس بکات، دەبینی کتوپڕ دەگەڕێتەوە بۆ سەر کاغەزەکە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بیخوێنێتەوە، چونکە خوێندنەوەکەی یەکەم بەبێ تەرکیزکردن بووە.

٢ـــ دانـــانی هێمـــایەک لەســـەر ئەو بیروبۆچـــوونە سـەرەکیانەی، کە لەنـاو پەرتـووکەکەدا هەن، بـۆ ئەوەی لە کاتی پێویست بۆیان بگەڕێیتەوە، ئەویش بە دانـانی هێڵێک لەژێر ئەم دێرانە یان دانانی هێمـایەکی ڕەنگکراو، یان هەر جۆرە هێمایەکی دیکە بێت.

٣ـ کـورتکردنەوەی بۆچـوونە سـەرەکییەکان، ئەویـش لەڕێگـەی نووسـینیان بەشـێوەیەک لە مێشـکدا بچەسـپێن، هەروەها کورتکردنەوە یارمەتی قوتـابی دەدات، بـۆ ڕاهـاتن لەســـەر نووســـین و دارشـــتن و تۆمـــارکردن، ئەمەش هەنگاوەکەی ترە کە باسی دەکەین.

٤ـ دیـاریکردنی کـاتێکی شـیاو بـۆ خوێندنەوە، باشـترین کـاتیش بـۆ خوێنـدنەوە، کـاتی بـەرەبەیانە(سـەحەر)، واتە بەشـی کۆتـایی شـەو، چـونکە ئەم کـاتە کـاتێکی پیـرۆزە، هەروەک وتـراوە:((**ئەوەی لە شـەودا شـەونخوونی بکـات، ئەوا لە ڕۆژدا دڵی خۆش دەبێت**))، هەروەها قوتابیان بەوە ئامۆژگاری دەکرێن، کە لە مـاوەی نێوان ئێوارە و شـێوان سەعی بکەن و بخوێنن[١].

---

١ـ الطوسي، نصيرالدين، اداب المتعلمين، بيروت، نشر يوسف احمد، ١٩٨٦، ص ٢٠.

٥ــ له کــاتی تێربوونــدا نــابێ پرۆســەی خوێنــدنەوەکە ئەنجــام بــدرێت، چــونکە زۆر خــواردن دەبێــتە هــۆی تەمبەڵی[١]، ئەم حاڵەتەش وا دەکات خوێن کەمتر بواری بۆ برەخسێت و بچێتە ناو مێشکەوە، لەم حاڵەتەدا سستیەک ڕوو لە زەینــی مــرۆڤ دەکــات، ئینجــا خوێنــدنەوەکە زۆر سوودی نابێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا نابێ خوێنەر برسی بێــت، چــونکە ئەم حــاڵەتەش لە مەبەســتە ســەرەکییەکەی دووری دەخاتەوە.

٦- پێویستە قوتابی ئەو شتانەی کە دەیانخوێنێت، بەپێی کات و ساتەکان دابەشی بکات و خشتەیەکی کات بۆ خۆی دابڕێژێت، تاکو بەباشترین شێوە سوود لە کاتەکانی خۆی وەربگرێت.

---

١- بە هەمان شێوە تەڕایەتییەکی زۆر کە لە زۆری تفەوە پەیدا دەبێت، سەرچاوەکەی ئاو خواردنەوەیە، ئەویش لە زۆر خواردنەوە پەیدا دەبێت، جا سیواک بەکارهێنان و خواردنی نانی وشک و مێوژ، بەلغەم ناهێڵن، پێغەمبەر (د. خ) دەفەرموویێت((**مێوژ بخۆن، چونکە زەردوو ناهێڵێت و بەڵغەم لادەبات و دەمار بەهێز دەکات و ماندوێتی ناهێڵێت و ڕەوشت باش دەکات و دەروون خۆش دەکات و خەمۆکی ناهێڵێت**)). بڕوانە: ابن بابویە، محمد، الخصال، قم، منشورات جماعة المدرسین، ١٩٨٢م، ص ٣٤٤.

٧. کارکردن لەسەر دوورکەوتنەوە لەو کەسانەی دەبنە هۆی گرژی و دڵەڕاوکێ و توڕەبوون، کە هەموو ئەمانە لە تەرکیزکردن دووری دەخەنەوە.

٨ـ دیاریکردنی شـوێنێکی گونجـاو بـۆ خوێـندنەوە، واتە شوێنێک بەم شێوەیە بێت:

أـ شـوێنێکی ئـارام و دوور لە ژاوەژاو و مقۆمقـۆ، وەک ئەوەی لە نزیک تەلەفزیۆندا بێت و بخوێنێت.

ب ـ شوێنی پاک و ڕێکوپێک، کە خوێنەر بۆ ماوەیەکی درێـژ لێـی بێـزار نەبێـت، یـان لە تواناکـانی خوێـندنی کەم نەکاتەوە.

ت ـ شـوێنێکی ڕۆشـن، کە بەباشـی ڕوونـاک ببێـتەوە و هەمیشــە کــراوە بێــت و بــا جــوڵەی تیــادا بکــات، تــاکو ئۆکسجین بچێتە شوێنەکە، ئەم کەشەش دەرفەتی خوێندن بۆ قوتابی باشتر دەڕەخسێنێت.

پ ــ پێویســـتە خــوێنەر لە کــاتی خوێندنــدا لەســـەر تەختەیەکی باش دابنیشێت، کە لەسەری بحەوێتەوە.

## هەڵوەستەیەک لەسەر خوێندنەوەی ئەلکیترۆنی

هەمیشـە پەرتـووک سـەرچاوەیەکی سـەرەکی زانسـت و مەعــریفە بــووە، ئەدیبــان و شــاعیران چەنــدەها وتە و شیعریان دەربارەی پەرتووک هەیە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا خــوێنەری پەرتــووک ڕۆژ بە ڕۆژ لە کەمبوونەوەدایــە، بەتـایبەتی لە جیهـانی عەرەبیـدا[1]. لە سـەرەتای هەزارەی سێیەمیشـدا وا دەبینـین کە پەرتـووکی ئەلکیترۆنـی هـاتۆتە ئاراوە و خەریکە پێگەی پەرتووک ڕادەمـاڵێ، کە بەهـۆیەوە دەکـرێ زانسـت و زانینەکـان بزانـرێن و پرۆگرامەکـانی

---

١ـ ئەو ئامارانەی لە ڕێکخراوی یۆنسکۆوە دەرچوون، ئاماژە بەوە دەکەن، کە ڕێژەی خوێندنەوە لەناو عەرەبدا لە داکشاندایە، ڕێژەکەی یەک پەرتووکە بۆ هەر (٣٠٠،٠٠٠) کەس، هەروەها توێژینەوەکانی ڕێکخراوی یونسکۆ/ بیروت، کە لە ساڵی (١٩٩٦) بڵاوی کردوەتەوە، ئەویش پاش ئەو کۆڕەی کە (كتاب في جريدة) دەربارەی خوێندنەوە لە جیهانی عەرەبیدا سازیدابوو، ئاماژەی بەوە کرد، کە هەموو ئەو توانایانەی عەرەب لە بواری پیشەسازی پەرتووکدا بەکاری دەهێنن، دەگاتە تەنها یەک چاپخانە و سەنتەری بڵاوکردنەوەی ئەوروپی، بۆ نموونە گەر تێبینی وڵاتێکی وەک (بەلجیکا) بکەین، ژمارەیان (٩) ملیۆن کەسە، دەبینین بەکاربردنی پەرتووکیان دەگاتە سێسەد ملیۆن عەرەب لە جیهاندا.

زانســـت درک پێبکرێـــت، ئەویـــش لەڕێگـــەی تـــۆڕی ئینتەرنێتەوە.

ئەم خزمەتگـــوزارییە نـــوێیەش چەنـــدەها خەســـڵەت و جیاکاری هەیە، کە هەندێکیان بە نموونە دەهێنینەوە:

١. ئاسانکاری لە گەیشتن بە زانیارییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.

٢. زۆری زانیارییەکان و پۆلێنکردنیان.

٣. هەمەجۆری زانین و زانستەکان، بەشێوەیەک چێژ و چەشە بۆ خوێنەرانی دابین دەکات.

٤ــ دەســـتەبەرکردنی ســـوودوەرگرتن لەو زانیاریـــانە، بەهـۆی کـۆپی کـردن و پارێزگـاری لێکـردن و بـە ئاسـانی ناردنیان.

٥ـــ دەســـــتەبەرکردنی دەرفەتـــی کـــورتکردنەوە و پوختکردنەوە.

٦ــ ئاســانبوونی بڵاوکــردنەوە و پڕوپاگەنــدەکردن تــا دوورترین مەوداکان.

لەگـەڵ هەمـوو ئەم شـتانەی باسـمانکردن، چەنـد خاڵێـک هەیە پێویســتە ئەو کەســانەی ماڵپەڕەکــان بەکــاردەهێنن، بیزانن و ئاوڕیان لێ بدەنەوە:

١ـ دەبێ ئەو کەسە هەوڵبدات لەناو زانیاری و زانستە زۆر و زەبەنەکانی تۆڕی ئینتەرنێت نقووم نەبن، چونکە هەروەکو کەمی و نەبوونی زانیاری، نووسەر بێتوانا دەکات، هەر ئاوهاش زۆری زانیاری و نغرۆبوون لەناو ماڵپەڕەکاندا، توانای نووسەر لەسەر تەرکیزکردن و کۆنترۆڵکردن لاواز دەکات و بگرە تواناکانی بەرەو پەرتبوون دەبات.

٢ـ بەئاگابوون لە سەرچاوەی زانستەکان و پشت بەستن بەو زانیاریانەی، کە پشتڕاستکراونەتەوە و بەڵگەیان لەسەر هەیە، چونکە لەوانەیە تۆڕی ئینتەرنێت زانیاری وا بگرێتەخۆ، کە نازانرێت خاوەنەکەی کێیە و کێ وتویەتی.

**هەنگاوی سێیەم: تۆمارکردنی زانیارییەکان**

پاش خوێندنەوە یان لە کاتی خوێندنەوەدا، قوتابی کارێک دەکات، کە بە (پینەکردن ـ Heuristik) ناودەبرێت، ماناکەشی ئەوەیە کە لێرە و لەوێ شتەکان کۆدەکاتەوە و دەیانداتە پاڵ یەکتری. مەبەست لەم پرۆسەیە کۆکردنەوەی ماددەی توێژینەوەکەیە، ئەویش لەڕێگەی تۆمارکردنی زانیاریە پارچە و پەرتبووەکان، بەو مەرجەی دەبێ تۆمارکردن وەکو خۆی بنووسرێتەوە، یان

کــورتکردنەوەیەک بێــت، چ بە شــێوازی نووســینەکەی نووسەرەکەوە، یان بە شێوازی نووسینی قوتابیەکە[1].

پێویســتە لەکــاتی ئەنجامــدانی پرۆســەی تۆمــارکردن ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

١ـ زانیارییەکان لەسەر کارتی تایبەت دەنووسرێن، یان مەلەفێکی تایبەتیان بۆ دەکرێتەوە و هەر کۆمەڵە بابەتێک یان پەرتووکێک بە جیا پۆلێن دەکرێت.

٢ــــ بە شــێوەیەکی تەواو ســەرچاوەی زانیــارییە تۆمارکراوەکــان دەنووســرێن، هەروەک پێشــووتر باسمانکرد.

(نووسەرەکە، پەرتووکەکە، ژمارەی چاپەکە، شوێنی بڵاوکــردنەوەی پەرتــووکەکە، چاپخــانەکە، مێــژووی بڵاوکراوەکە، ژمارەی لاپەڕەکە).

**هەنگاوی چوارەم: پۆلێنکردنی ماددەی توێژینەوە**

ئەم هەنگــاوە دواهەمــین ئەو کــارانەیە، کە قوتــابی ئامادەکــاریی بــۆ دەکــات، ئەویــش پــێش دەســتکردن بە نووســینەوەی تــوێژینەوەکە، لەم هەنگــاوەدا قوتــابی

---

١ـ جۆرێک لە تۆمارکردنی وشەیی هەیە، کە بە (وەرگرتن) ناودەبرێت، پاشان باس لە چۆنێتی بەکارهێنانی دەکەین.

هەڵدەستێت بە پۆلێنکردنی ماددە پینەکراوەکەی، کە تۆماری کردووە و دابەشی دەکاتە سەر چەند بەندێک و چەند بەشێک لە دووتوێی توێژینەوەکە، ئەویش بەشێوەیەک دەرفەتی ئەوەی بۆ دەڕەخسێنێت، کە ئەم ماددانە لە کاتی بەکارهێنانیان هەمووی لەبەردەستیدا بن.

جا لەژێر ڕۆشنایی ئەم پۆلێنکردنەی زانیارییە پینەکراوەکان و ئەو زانیاریانەی دی، کە لەڕێگەی خوێندنەوەدا بۆی دەستەبەربوون (فیدباک، خۆراکی هەڵگەڕاوەیی) دەتوانێت پرۆسەی پینەکاریی بۆ زانیارییەکان تەواوتر بکات، چونکە نەوەک ئەو زانیاریانە تەواو نەبن و پێویستیان بە پڕکردنەوە هەبێت، تاکو هەموو بەشەکان بەبێ کەلێن و کەموکووڕی بگرنەوە، لەوانەشە هەندێکجار قوتابی پەنابەرێتە بەر هەموارکردنەوەی شێوە و ناوەرۆکی گشتی پرۆژەکە، ئەویش لە ڕووی:

١ـ لابردنی هەندێک لە بەشەکان.

٢ـ خستنەسەری هەندێک بەشی تازە.

٣ـ بەشێوەیەکی دی ڕێکخستنەوەی بەشەکان، ئەویش لە ڕووی پاش و پێش خستنەوە.

# بەشی سێیەم: نووسینی توێژینەوە

## یەکەم: شێوازی نووسین

## دووەم: مەرجەکانی نووسین

## سێیەم: تێبینییە هونەرییەکان

# یەکەم
# شێوازی نووسین

بێگومان قووڵی مانا و ناوەرۆک و کرۆکەکانی هەر پەرتووکێک و توێژینەوەیەک بە خەسڵەتێکی جیاکار هەژمار دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی نووسین باشترین گوزارشتەرە، بگرە تاکە گوزارشتکەری ئەم ناوەرۆک و بۆچوونانەیە، جگە لەوەش شێواز دەقێک لە دەقێکی دی جیا دەکاتەوە، هەندێک دەق هەڵدەکشێن و هەندێکی دیکەش بە شێوازی نووسین دادەکشێن، زۆرجار دەبینین خوێنەرێک لە خوێندنەوەی چەند دێری یەکەمی پەرتووکێک بێزار دەبێت و واز لە پەرتووکەکە دێنێت، کەچی گەر شێوازی پەرتووکێکیش خۆش و ڕەوان بێت، ئەو پەرتووکە دەگرنە دەست و تاکو کۆتایی دەیخوێننەوە،

ئەمەش بـۆ ئاســان و ســانایی و ســادەیی شــێوازەکەی دەگەڕێــتەوە، کە هانــدەرێکە بــۆ خوێنــدنەوەی هەمــوو پەرتووکەکە.

واژەکــان پۆشــاکی ماناکــانن ـــ هەروەک زانــراوە شــێوازیش ئەو دیــزاینەیە، کە پۆشــاکەکە بەگــوێرەی دەدورێتەوە، دیزاینەکە، واتە شێوازەکە چۆن بێت و بە چ شێوەیەک ڕێکوپێک کرابێت، ئەوا ماناکانیش ڕەونەقدار و نایاب دەبن.

لەبارەی شێوازیشەوە وتراوە، کە:((**وەکو ئەو پەتکە باریک و وردە وایە، کە زێڕینگر بۆ کۆکردنەوەی دوڕ و جەوهەرەکــانی کۆیــان دەکاتــەوە، تــا ســەرئەنجــام ملوانکەیەکی گرانبەهایان لێ دروست بکات، بەشێوەیەکی نایاب و جوان و ڕێکوپێک کە هیچ چەوتی و دزێوییەکی تیادا نەبێت**))[1].

شێواز بەگشتی لە سێ ڕەگەز پێکدێت[2]:

١ـ هزرەکان ٢ـ وێنەکان ٣ـ واتاکان

---

١ـ ملحس، ثريا، منهج البحوث العلمية، ط٤، بيروت، دار الكتاب اللبناني، ١٩٨٩م، ص ١٤٨.

٢ـ فارس، أحمد، الكتابة والتعبير، ط٣، بيروت، دار الفكر، ١٩٨٩، ص ١٧٦.

لەبەر ئەوە باشکردنی شێوازی نووسین لە دیاریکردنی هزر و بیرەکان و ڕێکخستنی وێنە واتادارەکانەوە دەست پێدەکات، پاشانیش ڕۆڵی واژە ڕاستەوخۆکان دێت، پێویستە بەجوانی هەڵبژێردرێن، واتە ئاسان بن و ئاڵۆز نەبن و ڕستەی کورت و گوزارشتکەری تیادا بەکاربهێنرێت، کە بیرۆکەکەی پێ دەرببڕدرێت، کە خوازیاری دەرخستنیانین، تا دەگەینە ئەوەی کۆپلەیەک دروست بکەین، ڕستەکانی پتەو و تۆکمە بن و ماناکانیان ڕەوان بن، بەشێوەیەک درێژ نەبن و دووبارە نەکرێنەوە، تاکو بێتاقەتی لای خوێنەر دروست نەکات و نەبێتە هۆی لەدەستدانی ڕیتمەکەی، کە پێویستە بەشێک بێت لەلایەنی مۆسیقای شێوازەکە، جگە لە بوونی وێستگەی وەستان، پاشانیش دووبارە دەستپێکردنەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەم توخمانە پشت بە داهێنانی خودی دەبەستن.

هەروەها سەرباری هەموو ئەمانەش نابێ نووسین وشک و خەمۆکبار بێت، بەڵکو دەبێت دنەدەری سۆز و حەز و ئارەزوو بێت، بەبێ ئەوەی بکەوێتە ناو قۆرتی شێوازی گوتاری سۆزدارانە، یان ڕۆچوونی بێسوود و مایەپووچ، دەبێ درک بەوەش بکرێت کە زمانی عەرەبی بەو زانستانە ناوی دەرکردووە، کە بنەمایەک وەکو

پیشەیەک بۆ نووسین پێکدەهێنن، بۆ نموونە وەکو (زانستی ڕەوانبێژی)، بەوە پێناسە دەکرێت، کە((هونەری قسەی جوانە)) و ئەسڵی وشەی ڕەوانبێژی لە زماندا، بە واتای گەیشتن و کۆتایی هاتن دێت، واتە گەیشتنی قسەکە تا کۆتاییەکەی بەشێکە لە جوانکاریی مانا و پوختییەکەی، لە ئیمامی عەلیش(سەلامی خوای لەسەر بێت) گێڕدراوەتەوە: ((**ڕەوانبێژی ئەو شتەیە کە درکاندنی سانایە و درکپێکردنیشی سووکە**))[1].

بە کورتی: لە نووسیندا شێوازی سەرکەوتوو، ئەو شێوازەیە، کە پشت بە دوو بنەمای سەرەکی دەبەستێت: ڕوونی Clarity و سادەیی Simplicity.

## ئایا لە نووسیندا چۆن دەتوانین بگەینە شێوازێکی سەرکەوتوو؟

شێوازی نووسین تاکە ڕەگەزێکە، کە ناتوانین سەرکەوتنێکی خێرای تیادا بەدەست بێنین، جگە لەوەش ناتوانین زوو فێری خەڵکی بکەین، چونکە گەیشتن بەم مەبەستە گرنگی پێدان و چاودێری و سەرقاڵبوونێکی وای دەوێت، کە وردبێت و ماوەیەک درێژە بکێشێت، تاکو

١. ري شهري، محمد، ميزان الحكمة، ط١، دار الحديث، ١٩٩٦، ص ٢٩٠.

شـــێوازێکی ســــەرکەوتوو فێــر دەبـــین، گرنگتـــرین ئەو ڕاســـپاردانەی، پێویســـتە بـــۆ ئەنجامـــدانی شـــێوازێکی سەرکەوتووانەی نووسین پەیڕەوبکرێن، ئەمانەن:

١ــ پابەنـدبوون بە پلانـی تـوێژینەوە و ناونیشـانەکەی بەبێ لادان و ترازان لێیان.

٢ـ دووبارەنەکردنەوەی هزر و بیرەکـان، تەنانەت ئەگەر بە شـێوازێکی دیـکەش بێـت، مەگەر تەنهـا لەبەر هۆکـاری ڕوونکردنەوە بێت.

٣ـ لاکەنـارنەکردن و پەراوێزنەخستنی هـیچ خاڵێـک، کە پێویسـت بێـت گفتوگـۆی لەسـەر بکرێـت و قسـەی لەسـەر بکرێت.

٤ـ پشت بەسـتن بە ڕسـتەی کـورت و دوورکەوتنەوە لە درێژەدانی نێوان بکەر و کار یان نیهاد و گوزارە.

٥ـ دوورکەوتـنەوە لە واژەی زەحـمەت و نـامۆ، و پشـت بەسـتن بە وشـە سـادە و ئاسـانەکان، بەبێ ئەوەی وشـەی ڕواڵەتی بەکاربێنین.

٦ـ پابەنـدبوون بە ڕێزمـانێکی ڕاسـت و دروسـتی زمـانی کـــوردی یـــان زمـــانی عەرەبـــی و ڕەچـــاوکردنی ڕێنووسەکەیان.

٧ـ بەپێی توانا دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی جێناوی کەسی قسەکەر یان بەکارهێنانی جێناوەکان بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ، کە دەبنە هۆی نەهێشتنی هەموو ڕێکسازییەک لەنێوان دەقەکە و پرنسیپەکانی یەکانگیری لە ڕستەکانیدا.

جا بۆ ئەوەی بزانین شێوازی نووسینەکە سەرکەوتووانەیە، یاخود نا، دەکرێ ئەم پرسیارە یارمەتیدەرانە ئاراستە بکەین:

أـ ئایا ڕستەکان زۆر درێژن؟ ئایا لە ڕوویماناوە ڕوونن.

ب ـ ئایا لە ڕووی کاتەوە، کارەکانی ڕابوردوو و ڕانەبوردوو ناوبراون و لەگەڵ نووسینەکەدا گونجاون؟

ت ـ ئایا نیهاد و گوزارەکان لەکاتی شیکردنەوەدا، ڕێک و گونجاون؟

پ ـ ئایا ئەو جێناوانەی ئاماژە بە چەند کەسانێک یان چەند ڕووداوێک دەکەن، ڕوون و ئاشکران؟

ج ـ ئایا هاوەڵناوەکان لە ڕووی ژمارە و جۆرەوە لەگەڵ ناوەکانیان گونجاون؟

ح ـ ئایا هەر کۆپلەیەک بیرۆکەیەکی تازەی تیادایە، یان دووبارەن؟

خ ـ ئایا کۆپلەکە بۆ نمایشکردنی ورد و درشتەکان و نموونە ڕوونئامێزەکان بەسن و پڕ بە پێستن؟ یان کەم و کورتن و بە تەواوی ئاماژە بۆ ماناکان ناکەن؟

دـ ئایا هەر ڕستەیەک لە کۆپلەکەدا بە شێوەیەکی ئاوێتەیی بە ڕستە سەرەکییەوە بەستراوەتەوە؟ ئایا هەست بە یەکێتی دەقەکە و گونجاندنی دەکەین؟

ژـ ئایا زانیارییە پێشکەشکراوەکان لە ڕووی ماناوە گونجاون؟

رـ ئایا ڕستە و زاراوە و دەربڕینەکانت بەشێوەیەکی بێزەوەر بەکارهێناوە، کە لەگەڵ پرنسیپی تازەکردنەوە و هەمەجۆری دژواودژ بکەوێتەوە؟

ز. ئایا پەیاپەیبوون لە نووسینەکەدا هەیە؟ ئایا بەسوودە یان ناشیرینە؟

س ـ شێوازی نووسینەکەت گێڕانەوەیە یان بە شێوەی گفتوگۆیە یان بە شێوەی ژمارە ڕیزکردنی بیر و هزرەکانە؟ ئایا زەحمەت بە کارتهێناون، یان سەخت و ئاڵۆز، یان بە سادەیی و ڕوونی بە کارتهێناون؟

لە کۆتاییدا ئاماژە بەوە دەکەین کە نزیکترین ڕێگە بۆ گەیشتن بە شێوازی سەرکەوتوو لە نووسیندا، بەوە دەبێت، کە بە هەمیشەیی بخوێنێتەوە و لە خوێندن

دانەبڕێیت، بەتایبەتی ئەو پەرتووکانەی کە نووسەرەکانیان بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەنووسن، چونکە لەوانەیە سوودوەرگرتن بە بەرەکەتی ئەو پەرتووکە گرانبەهایانەوە دەستەبەر ببێت.

# دووەم
# مەرجەکانی نووسین

نووسینی ڕاست و دروست و پێشکەشکردنی بابەت بەشێوەیەکی جوان و ڕێکوپێک و دەرخستنی زانیارییەکان بەڕوونی و ئاشکرایی، هەموو بەهۆی کۆمەڵە یاسا و ڕێسایەکەوە دەستەبەر دەبێت، کە یارمەتیدەرن بۆ دروستبوونی ئەم خەسڵەتانە، گرنگترینیان:

**مەرجی یەکەم: دابەشکردن و بە لقکردن**

بەگشتی دابەشکردن و بەلقکردن یاریدەدەریکن، بۆ ڕوونکردنەوەی خواستی تویژینەوەکە، چونکە بەشێوەیەکی لۆجیکی لەڕێگەی بەشبەندی بیر و هزرەکان و دابەشکردن و پۆلێنکردنیان، تێگەیشتنی خواستەکان ئاسان و ساناتر دەبن، بەو مەرجەی ئەم دابەشکردنە ببێتە هۆی ئاشکرابوون و ڕوونبوونەوەی لە چوارچێوەی

دەقەکەدا، ئەویش بێگومان لەڕێگەی: ئەوەی ناونیشانە بچووکەکە لەژێر ناونیشانە ڕەسەنەکەدا بەڕوونی جێی ببێتەوە، بەمشێوەیە ئیدی بەشەکە لەگەڵ هاوبەشەکانی دیکەیدا تێکەڵ نابێت.

**نموونەی یەکەم: یاسای دابەشکردن و بە لقکردن:**

وشە لە زمانی عەرەبیدا بۆ سێ بەش پۆلێن دەکرێت:

١. ناو ٢. پیت ٣. کار. کاریش سێ بەشە:

أ . کاری ڕابووردوو.

ب . کاری داخوازی.

ت . کاری ڕانەبووردوو. کاری ڕانەبوردووش دەبێتە:

أ . مەرفوعە.

ب . یان مەنسووب.

ج . یان مەجزومە. هێمای شیکردنەوەکەشی:

١. یان سکون گەر کۆتاییەکەی (نەبزوێن) بێت.

٢. یان لابردنی پیتی (بزوێن)، گەر کۆتاییەکەی (معتل) بێت.

**نموونەیەکی دیکەی دابەشکردن و بە لقکردن:**

هەواڵ(گێڕانەوەکان) بۆ دووبەش پۆلێن دەکرێن:

١. هەواڵی فرەشێوە.

٢ـ هەواڵی تاقانە: ئەم هەواڵەش دابەش دەکرێتە سەر چەند جۆرێک:

أ ـ هەواڵی نێردراو.      ب ـ هەواڵی لاواز.

ت ـ هەواڵی دروست.      پ ـ هەواڵی تێرو تەسەل.

ج ـ هەواڵی بە بەڵگەکراو، ئەم جۆرە هەواڵەش بۆ دوو بەش پۆلێن دەکرێن:

١ـــ ئەو هەواڵانەی کە سەرچاوە ڕاستگۆ و متمانەپێکراوەکان دەیانگێڕنەوە.

٢ـــ ئەو هەواڵانەی کە سەرچاوەکانیان ڕاست و ڕەسەنن، ئەگەرچی هەندێک لە هەواڵنێرەکانیان جێی متمانە نین.

لەم دوو تێبنییەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، چۆن هەردوو یاسای دابەشکردن بە لقکردن، دەبنە یارمەتیدەرێک بۆ ڕوونکردنەوەی بیرۆکەکە و هەنگاوەکانی ئەم شتەش لە ڕووی تێخزاندنی ناونیشانە لاوەکییەکان لەژێر ناونیشانە فراوان و گشتگیرەکەدا ڕوونکرایەوە.

**دووەم: خاڵبەندی(هێماکانی وەستان) Punctuation**

خاڵبەندی یان هێماکانی وەستان کۆمەڵێک ڕەمز و پرۆسەی خوێندنەوەی دەقەکە ڕوونتر و ئاسانتر دەکات، لەم پرۆسەیەدا بەستنەوە و نەبەستنەوەی وشەکان بە یەکەوە دەخرێتەڕوو، ئەم هێمایانەش بەڕێکەوتن دادەنرێن، واتە لەنێوان نووسەر و ڕەوشی دەقەکەدا، ئەویش لە ڕووی ماناوە بە مەبەستی ڕێکخستن و ڕوونکردنەوە و لابردنی تێکەلێکێشییەکان.

ڕستەیەکی ناسراو هەیە، کە لەم بارەیەوە هەمیشە دەوترێت: (ببورە قەدەغەیە لە سێدارەدان)[١]، چونکە ئەم ڕستەیە تێکەڵکێشی ماناکان ڕوون ناکاتەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی خاڵبەندی تیادا نییە، لێرەدا گەر کۆما پاش وشەی (ببورە) هەبوایە، ئەوا مەبەستەکە ڕوون دەبۆوە، کە ڕزگارکردن و بەخشینە لە سێدارەدان، گەر کۆماکە پاش

---

١. دەگێڕنەوە کە ژنی پاشایەک لە مێردەکەی داوا دەکات، لەسێدارەدانی کەسێک ڕابگرێت، ئیدی پاشاکە ئەم ڕستەیە لەسەر کاغەزێک دەنووسێت و بۆ شمشێر بە دەستەکەوە دەینێرێت(ببورە قەدەغەیە لە سێدارەدان)، جا ئەم ڕستەیە کە دەگاتە لای، نازانێ مەبەست لێی چییە، چونکە هیچ خاڵبەندییەکی تیادا نییە.

وشەی (قەدەغەیە) بهاتبایە، ئەوا ماناکە دەبووە بڕیاردان لەسەر لەسێدارەدان.

لێرەدا زۆر نموونە هەن ئاماژە بۆ حاڵەتی تەمومژی واتاکە دەکەن، ئەویش بەهۆی نەبوونی هێماکانی خاڵبەندی، وەک لەم ڕستەیەدا بەدی دەکرێت:

**((بەهار هات خودا ڕێنماییت بکات بەرەو سەرکەوتن بۆن و بەرامەی گوڵ بڵاوەی پێدەکات گوڵەکان کرانەوە و ئاوەکان لەناو لاسکی درەختەکان ڕێچکەیان کرد)).**

لێرەدا دەبینین ماناکەی سێ جار تووشی تەمومژاویی بووە، ئەویش لەبەر نەبوونی هێما و کۆماکان:

ـ **یەکەم:** نازانرێت مەبەست لە وشەی سەرکەوتوو کێیە؟، ئایا بەهارەکەیە یان ئەو کەسەیە کە گوتارەکەی ئاراستەکراوە؟

ـ **دووەم:** ئایا وشەی گوڵەکان لەگەڵ وشەی گوڵدا یەکناگیرکراوە و خراوەتە سەری یان ڕستەیەکی تازەیە؟

ـ **سێیەم:** وا دەردەکەوێت کە بکەرەکە لە هەردوو وشەی (ڕێچکەیان کرد) و (کرانەوە) ئاوەکە بێت؟

ئەم تەمومژاویی بوونەش سێ جار لە یەک ڕستەدا دووبارەبوونەتەوە، هۆکارەکەشی یەک شتە، فەرامۆشکردنی هێما و کۆماکان، کە ئەگەر لە حاڵەتێکدا

ڕەچـــاو بکـــرێن، ڕســـتەکە ڕوون دەبێـــتەوە، وەکـــو لەم ڕستەیەدا ڕوون دەبێتەوە:

**(بەهار هات ـ خودا ڕێنمایت بکات بەرەو سـەرکەوتن ـ بۆن و بەرامەی گوڵ بڵاوەی پێدەکات، گوڵەکان کرانەوە ـ ئاوەکان لەنێوان لاسکی درەختەکان ڕێچکەیان کرد)** [١].

نووســەرە ڕۆژئاواییەکـان پێشـتر هێماکـانی خاڵبەنـدییان بەکاردەهێنــا، بەڵام نووســینە عەرەبییەکــان بەبــێ هێمــا و نـــاوبڕ دەنووســـران، تـــا ئەم دوایـــیەش ئەم حـــاڵەتە هەر بەردەوامی بەخۆیەوە بینی، بۆیە ڕستەکان هەموو تێکەڵ و پێکەڵ دەبوون و تێگەیشتنی ڕستەکان هەڵەیان تێدەکەوت، پاشان ئیدی پیتەکان خاڵبەندکران.

ئەم کارەش بۆ (ئەحمەد زەکی پاشا)[٢] دەگەڕێتەوە، کە نامەیەکی لە ساڵی (١٩١٢) لەژێر ناونیشانی (خاڵبەندی و

---

١ـ سيد أحمد، رضا علوي، فن الكتابة، ط١، بيروت، دار البيان العربي، ١٩٩٣، ص ٧٠.

٢ـ ئەحمەد زەکی پاشا (١٨٦٧ ـ ١٩٣٤) بە نازناوی (شێخی عروبە) ناسراوە، نووسەر و ئەدیب و توێژەرێکی میسرییە و لە نووسەر و وەرگێڕە گەورەکانی ئەم وڵاتەیە و دەستی کرد بە زیندووکردنەوەی پەرتووکە عەرەبییەکان، ئەویش لەڕێگەی ڕاستکردنەوە و پێداچوونەوەی دەستنووسە دێرینەکان.

هێماکـــانی لە زمـــانی عەرەبیـــدا) نووســـی و بـــڵاوی کردەوە[(١)(٢)].

جا گرنگترین هێماکانی وەستان یان خاڵبەندی ئەمانەن:

**١. کۆما(،)** Comma:

ئەم هێمـــایە بـــۆ جیـــاکردنەوەی ڕســـتەکان لەیەکتـــری بەکاردەهێنرێت، ئەویش لە چەنـد شـوێنێکدا، گرنگترینیـان ئەمانەن:

أ. پاش واژەی بانگکراوەکە:

**- ئەی محەممەد، هەستە و بخوێنە.**

ب - لەنێوان ڕستەکان یان وشە گونجاوەکان:

**- من دوێنێ هاوەڵتان بووم، ئەمڕۆش دەبمە پەند بۆتان، سبەینێش لێتان جودا دەبمەوە.**

**- پێویستە بە خەسڵەتی ڕەوشت باشیەوە پابەند بن: وەکو لێبووردن، خۆ بەبچووک زانین و ئارامگرتن......**

---

١ــ وەزارەتـــی مـــەعـــارفی گشـــتی میســـری ئەم هێمایـــانەی لە قوتابخانەکانـــدا بەکارهێنـــا، پاشـــان لە ســـاڵی (١٩٣٢) (لیـــژنەی ئاســـانکاری نووســـین لە کـــۆمەڵگەی زمـــانەوانی) میســـری بڕیـــاری فەرمـــی لەســـەر ئەم هێمایـــانە دەرکـــرد و بـــۆ ئەم مەبەســـتەش ڕوننامەیەکی بۆ زیادکردنی (١٠) هێمای دیکە بڵاوکردەوە.

٢. دویدري، مصدر سابق، ص ٤٤٦.

ت ـ دوای سوێندخواردن:

**ـ بەو خودایە، گەر ڕۆژی ئاسمان لە ڕاستەمدا دابنێن و مـانگیش لەلای چەپمـدا دابنـێن، بەرانـبەر بەوەی واز لەم مەسەلەیە بێنم، ئەوا وازی لێ ناهێنم.**

پ ـ لەنێوان مەرج و وەڵامی مەرجەکەدا:

**ـ ئەگەر گوڵ نیت، درکیش مەبە.**

ج ـ پـاش وەڵام چ بە بەڵـێ و چ بە نەخێـر، بەرانـبەر بە پرسیارێک، پاشان ڕستەیەک دێتە پێشی:

ـ پرسـیار لـە ئیمامی سـادق کـرا: **((ئایا هەر پیاوێک لە ئێمە دەتوانێت لە مـانگی ڕەمەزانـدا نـوێژی زیـاتر بکـات. وتی: بەڵێ، پێغەمـبەری خـودا (د. خ) لە مـانگی ڕەمەزانـدا نوێژی زیاتری کردووە، ئێوەش زیادی بکەن)).**

ح ـ لەنێـوان ژمـارەی لاپەڕەکـان، ئەویـش لە کـاتی تۆمـارکردن و بە بەڵگەکردنـی زانیارییەکـان ژێـرەوەی پەراوێزەکان، بۆ نموونە:

**ـ مـارف خەزنـەدار(٢٠٠١)، مێـژووی ئـەدەبی کـوردی، بـەرگی یەکـەم، دەزگـاری ئـاراس، چاپخانـەی وەزارەتـی پەروەردە، ل ٢٠، ٢٥، ٣٠، ٨٠ .**

خ ـ لەنێـوان نـاوی نووسـەرەکە و نـاوی پەرتـووکەکە: (بڕوانە نموونەکەی پێشووتر).

**٢. خاڵ (٠)** Full Stop:

پاش کۆتایی ئەو ڕستانە دادەنرێت، کە مانایەکی تەواو ببەخشن یان لە کۆتایی کۆپلەکەدا دادەنرێت.

**- باشترین کەس ئەوانەن کە سوودمەندترین کەسن بۆ خەڵکی.**

**٣. کۆمای خاڵدار (؛)** Semi – colon.

لەنێوان دوو ڕستەدا دادەنرێت، یەکێکیان بووەتە هۆکاری پەیدابوونی دووەم:

**- ئەگەر گەشتیاربوویت؛ ئەوا خواحافیزی لە کەسوکارت بکە.**

**- نیشتمان ئازادکرا؛ چونکە کوڕانی نیشتمان دژ بە دوژمنان کۆششیان کرد.**

**٤. دوو خاڵ(:)** Colon:

أ- لە پێش قسە وتراوەکە دادەنرێت یان هەمان مانا مەبەستەکە بگەیەنێت:

- پێغەمبەر (د. خ) فەرموویەتی: **((حەسەن و حوسێن هەردووک سەرقافڵەی شەهیدانی بەهەشتن)).**

**- خوڵامەکە هاواری کرد: پێم بگە.**

ب - پێش نموونە هێنانەوە:

**ـ توێژەر گرنگی بە زۆر شت دەدات، وەکو: خوێندنەوە، تۆمارکردن.**

ت ـ پێش پێناسەکردنی شتەکە:

پینەکـــردن : بریتییـــە لـــە کـــۆکردنەوەی ماددەکـــانی توێژینەوە.

پ ـ پێش ژماردنی بەشەکانی شتەکە:

ـ توێژینەوەی کورت دوو جۆرە: توێژینـەوەی زانسـتیی، و توێژینەوەی پۆلی ڕاهێنانانە.

**٥ـ هێمای لابردن** (...) Deletion:

أـ ئەم هێمایە بۆ ئاماژەکردن بۆ قسە لابراوەکەی دەقەکە بەکاردەهێنرێت:

**ــ ((جیهـــاد دەرگـــایەکە لە دەرگاکـــانی بەهەشـــت.... هەروەهـــا پۆشـــاکی لەخواترســـان و قەڵغـــانێکی پـــتەوی خودایە.. .))**

ب ــ لەکـــاتی وەســـتان، بەڵام دەرفەتـــی تەواوکردنـــی ڕستەکە لەئارادا دەبێت:

**ـ ئێـوە ئەی بـرا بەڕێزەکـانم، و سـەرۆکەکان و تـاجی سەرەکان...**

**٦. جووته كەوانە** (( )) Quotation marks:

أ. بۆ قسە وەرگیراوەكە بەكاردەهێنرێت:

. پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموویێت((**فاتیمە بەشێكە لە من)).**

. مستەفا بارزانی دەڵێت:((**كەركووك دڵی كوردستانە)).**

ب ـ بۆ چەند وشەیەك بەكاردەهێنرێن، كە خوازیاری دەرخستنیان بین:

. عەققاد لە پەرتووكە ناودارەكەیدا وتویەتی ((**حوسێن باوكی شەهیدانە)).**

**٧. تاكە تەقەڵ**(**هێڵی بچووك**)(ـ) Hyphen Dash:

أـ ئەم هێڵە بچووكە لەنێوان ژمارە زنجیرەییەكاندا دادەنرێت، جا چ بۆ لاپەڕەكان یاخود بۆ جیاكردنەوەی ساڵەكان:

**. ئەم شتەش لەم لاپەڕانەدا ئاماژەیان بۆ كراوە: ١٢٠ ـ ١٧٨ (واتە لە لاپەڕە ١٢٠ تا دەگاتە ١٧٨).**

**. شێخ موفید (٣٣٦ ـ ٤١٣ ك) یان دەوڵەتی عەبباسی (١٢١ ـ ٦٤٥ ك).**

ب ـ لە كاتی دەستپێكردنی گفتوگۆ لەنێوان دوو كەسدا لەجیاتی ناوهێنانی ناوی هەردووكیان بەكاردەهێنرێت.

**. جیهاد: بە چ شتێك ئامۆژگاریم دەكەیت؟**

**. ڕەزوان: جیهاد لەپێناو خوادا.**

**- پەیمانەکەم لەگەڵدا فەرامۆش ناکەم.**
**- بە ویستی خودا لەگەڵمدا دەبیت.**

**٨. دوو تەقەڵ** ( - - ) Between Two Dashes:

لەم حاڵەتانەدا بەکاردەهێنرێن:

أ- بۆ ڕستە بەربەستییەکان بەکاردەهێنرێن:

**- لە نیشتمانەکەماندا - کە لەژێر سایەی دوژمنکاریدا شەکەت بووە- بەرگریکاران بەوپەڕی خاکیبوونەوە کاردەکەن.**

ب - بۆ ناونیشانە بچووکەکانی پەرتووکێک یان توێژینەوەیەک بەکاردەهێنرێن، هەروەها بۆ بەخشینی تایبەتمەندێتی بە ناونیشانەکە یان دەرخستنی مەبەستی ناونیشانە گشتییەکە بە درێژی کە لە پەرتووکەکە یان توێژینەوەکەدا نووسراوە:

**- توێژینەوەی زانستی - پرۆگرامی تەکنیکەکانی -**

**٩. جووتە کەوانەی گەورە** ([ ]) Brackets:

ئەم دوو کەوانەیە لە دەوری هەموو زیادەیەکی سەر دەقە وەرگیراوەکە دادەنرێت، تاکو قسەکانی نووسەرەکە لە قسەکانی خاوەن دەقە وەرگیراوەکە جیا بکاتەوە.

ـ ئیمـــام عەلـــی دەفەرموویێــت: ((**هەروەک بڵێــی ئەو مردوانەی دەیانبینین لەسەر سـەفەرن[ واتـە گەشـتیارن]، پـاش کەمێکی دیـکە دەگەڕێنەوە لامـان، هەواڵەکانیـان لە گۆڕەکانیانەوەیە [ واتە قەبرەکانیان]...))**.

**١٠. جووتە کەوانەی خەرمانەدراو ( )** Paranthesis:

أ. ئەم کەوانانە لە دەوری نمرەکان دادەنرێن:

**ـ سوپای ئیسرائیل لە لوبنان لە مانگی تەمموزی سـاڵی (٢٠٠٦) تێکشکێنرا.**

ب ـ هەر وشەیەک کە خوازیاری شرۆڤەکردی بێت، ئەم دوو کەوانەی بۆ بەکاردەهێنین:

**ـ خوا سوێندی بە (تووڕی چیاکە) خواردووە.**

ت ـــ لە دەوری ئەو واژانەدا دادەنـــرێن، کە لە خـــودی پێکهاتەی قسەکەدا نەبن:

**ـ مەدیـنەی مـنەوەرە (خـودا بیپارێزێـت) بەڕێزتـرین خەڵکی تیادایە.**

**ـ کوردستان هەرێمێکی بەرگریکارە.**

**١١. نیشانەی پرسیارکردن** (؟) Question mark:

ئەم نیشانەیە لە کۆتایی شێوازی ڕستەی پرسیاریی دێت:

**- ئایا بۆ ئایندەی ژیان دوارۆژت کاردەکەیت؟**

**١٢. نیشانەی سەرسوڕمان** (!) Exclamation mark:

ئەم نیشانەیە پاش وشەیەک یاخود ڕستەیەک یان مانایەک دێت، کە جێی سەرسوڕمان بێت، بۆ نموونە:

- خودای گەورە دەفەرموویێت:**((أم خلقوا من غير شىء ام هم الخالقون))**[١]**! (ئایا لە هیچەوە دروستکراون یان بە خۆیان دروستکەرن!)).**

**١٣. هێڵی لار** (/) Oblique:

ئەم هێڵە بۆ ڕوونکردنەوەی مێژووی زایینی لە مێژووی کۆچی بەکاردێت، و بەپێچەوانەشەوە:

**- هێزی بەرگری لە لوبنان بەسەر دوژمنی ئیسرائیلدا لە ساڵی (٢٠٠٦ز / ١٤٢٦ ک) سەرکەوت.**

---

١. سورەتی الطور، ئایەتی (٣٥).

**مەرجی سێیەم: دیکۆمێنتکردنی زانیارییەکان:**

گێـڕانەوەی زانیارییەکـان بـۆ بنەمـا ڕەسـەنەکانیان و پاڵپشـتکردنیان بە سـەرچاوەکانیان مەسـەلەیەکی زۆر گرنگە، ئەمەش لەڕێگەی دانانی هێمایەکی ژمارەییەوە پەیدا دەبێـت، هەروەهـا دەبـێ سـەرچاوەی زانیارییەکـانیش لە خوارەوەی لاپەڕەکەدا، واتە لە پەراوێزەکەدا بنووسرێت.

هەروەهـا نـابێ بە دیکـۆمێنتکردنی زانیارییەکـان بە مەبەستی جوانکاریی ئەنجام بدرێت، بەڵکو ئەنجامنەدانی ئەم کـارە دەبێـتە هۆکـاری دروسـتبوونی هەڵەیەکـی میتۆدیـانە لە تـوێژینەوەکەدا، کە بەهـیچ شـێوەیەک نابوێردرێت، جگە لەوەش فەرامۆشکردنی ئەم پرەنسیپە لاوازیەک لە خـودی نـاوەرۆکی تـوێژینەوەکەدا دروسـت دەکـات و جۆرێـک لە نەزانـی سـەبارەت بە سـەرچاوەکان دروست دەکات، پاشـان هەمـوو بەهـایەک لە توێژینەوەکە دادەڕنێـت، بە هەمـان شـێوەش بە پێشـلکاری هەژمـار دەکرێـت، چـونکە لەم حـاڵەتەدا ئەو زانیاریـانە لە توێژینەوەکەدا باس دەکەین، کە خەڵکانی دی وتویانە، واتە موڵکی کەسانی دیکەن.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە هەندێک خاڵ بکەین:

**خاڵی یەکەم: چۆنێتی بەدیکۆمێنتکردن لە پەراوێزدا:**

لێرەدا چەندەها شێواز بۆ تۆمارکردنی دیکۆمێنتەکان لە پەراوێزەکاندا هەن، کە هەندێکیان لە ڕووی ڕێکخستنەوە جیاوازیان هەیە، هەموو ئەو شێوازانەش ڕاستن، بەو مەرجەی ئەم زانیاریانە لە پەراوێزەکەدا بنووسرێن:

ناوی نووسەرەکە و نازناوەکەی، ناوی پەرتووکەکە، ناوی وەرگێڕەکە (ئەگەر هەبێ)، نۆرەی چاپەکە، شوێنی بڵاوکردنەوەی پەرتووکەکە، چاپخانەکە، مێژووی بڵاوکردنەوەکە، ژمارەی بەرگەکان (ئەگەر هەبێت)، ژمارەی لاپەڕەکە.

**خاڵی دووەم: ئەو زانیاریانەی کە پێویستە بەدیکۆمێنت بکرێت:**

مەسەلەیەک هەیە توێژەر هەمیشە پرسیاری لێ دەکات، دەبێ ڕوون بکرێتەوە، کە ئەمەیە: ئەگەر لەسەر توێژەر پێویست بێت، هەموو ئەو شتانە بەدیکۆمێنت بکات، کە لە پەرتووکەکانەوە وەریاندەگرێت، ئایا ئەمە وا دەگەیەنێت، کە دەبێ هەر هەموو ورد و درشتێکی توێژینەوەکە بە دیکۆمێنت بکرێت، چونکە هەموو ئەو شتانەی دەیاننووسین، لە پەرتووکەکانەوە وەریاندەگرین؟

وەڵامەکەش ئەمەیە: پێویســـتە تـــوێژەر هەمـــوو ئەو زانیاریـــانە بەدیکۆمێنـــت بکـــات، کە لە ســـەرچاوەکانەوە وەریـانی گرتـووە یـان ئەگەر دەقێـک بێـت و وەک خـۆی بیاننووسـێت، دەبـێ بیـانگەڕێنێتەوە بـۆ سـەرچاوەکانیان، بەڵام ئەگەر تـوێژەر تەنهـا قسـەکانی خـۆی بنووسـێت یـان شـرۆڤەی شـتێک بکات یان ڕەخنە لە بابەتێک بگرێت یان بەراوردکارییەک بکات، ئەوا هیچ پێویست بەدیکۆمێنتکردن ناکات، بەڵکو دەبێ تەنها ئەم شتانە بەدیکۆمێنت بکات:

١ــ ئەو زانیاریـانەی لە سـەرچاوەکانەوە وەردەگیـرێن. ئەو زانیاریانەش بە دانانی ئاماژەیەکی ژمارەیی ژمارە (١) ئاماژەیـان بـۆ دەکرێت، پاشـان سـەرچاوەکە لە پەراوێـزی خوارەوەی لاپەڕەکەدا دەنووسرێت، ئەو پەراوێزەش جگە لەو شـــتانەی کە لەکـــاتی نووســـینی ســـەرچاوەکاندا باســـمانکردن، دەبـــێ ژمـــارەی لاپەڕەی ئەو پەرتـــووکە بنووسرێت، کە زانیاریەکانیان لێ وەرگیراون.

بۆ نموونە: (١) مختاري، رضا، سيماء الصالحين، ترجمة حسين كوراني، ط١، بيروت، دار البلاغة، ١٩٩٢ .

٢ـ ئەو دەقەی بەشێوەیەکی وشەیی لە سـەرچاوەیەکەوە وەرگیرابێت.

(هەر بەو شێوەی کە پێشتر باسمانکرد، ئاماژەی بۆ دەکرێت).

٣. باسکردن و درێژەدادڕیی لەسەر ئەو شتانەی، کە لە بونیادی توێژینەوەکەدا شیاوی گوتن نییە، وەکو ئەوەی کە زاراوەیەک شرۆڤە بکات، یان یەکێک لە کەسایەتییە گەورەکان بە خوێنەر بناسێنێت، یان بەدرێژی باس لەو شتانە بکات، کە لە توێژینەوەکەدا بە کورتی باسکراون.

ئەم ئاماژەکردنەش بە هێمایەک دەکرێت، وەکو (*)، ئەگەر پەراوێزێکی دیکە دووبارەبووەوە، ئەوا هێماکە دەبێتە دوانە، وەکو (**) و ئیدی بەمشێوەیە.

بۆ نموونە: (بگەڕێرەوە بۆ ئەم خاڵانەی کە لە پەراوێزی لاپەرە (٨٧) و (٨٨)دا باسمان کردن.

**خاڵی سێیەم: شێوەکانی ژمارەدانان لە دەقەکە و لە پەراوێزەکەدا:**

دەتوانین لێرەدا ئاماژە بە سێ شێوە لە شێوەکانی ژمارە بکەین:

١ـ ژمارەکردنی زنجیرەکراو بۆ هەموو لاپەڕەیەکی توێژینەوەکە: (١) (٢) (٣) (٤) بەشێوەیەک کە ژمارەی تازە لە هەر لاپەڕەیەکدا دەنووسرێت، (وەک لەم پەرتووکەکەدا پەیڕەومان کردووە).

٢. ژمارەکردنی زنجیرەکراو بۆ لاپەڕەکانی هەر بەشێک بە جیا لە بەشەکانی دی، بە شێوەیەک هەموو بەشێک ژمارەی لە یەکەمەوە دەستپێدەکات تاکو کۆتایی بەشەکە، بەڵام بۆ بەشەکەی دی، ژمارەکە لە یەکەمەوە دەستپێدەکات.

٣ـ ژمارەکردنی زنجیرەکراو بۆ هەموو لاپەڕەکانی توێژینەوەکە بە شێوەیەک کە ژمارەکە بە لاپەڕەی یەکەم دەستپێبکات و تا کۆتایی لاپەڕەکان بەردەوام بێت: (١) (٢) (٣) (١٠٥) (١٠٦) (١٢٨).

## خاڵی چوارەم: چەند ڕێگا و تێبینییەک بۆ نووسینی سەرچاوەکان

١. گەر سەرچاوەکان وتارێک بێت لە گۆڤارێکدا یان لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاوکرابێتەوە، ئەوا پێویستە پرۆسەی تۆمارکردنەکە ئەم زانیاریانە بگرێتەوە: ناوی خاوەن وتارەکە، ناونیشانی وتارەکە، ناوی گۆڤار یاخود ڕۆژنامەکە، ژمارەی گۆڤارەکە، شوێنی بڵاوکردنەوەی، مێژووی بڵاوکردنەوەکە.

بۆ نموونە وەکو: سبحانی، جعفر، "التعددیة الدینیة.. نقد وتحلیل"، التوحید، عدد ١٠٥، قم، خریف ٢٠٠٠م.

٢ـــــ گەر ســـــەرچاوەکە لە یەک لاپەڕەدا و هـــــیچ سەرچاوەیەکی تر لـەنێوان نـەهات و دووبـارەکرایەوە، ئەوا جـاری دووەم بە دریــژی نانووســریت، بەڵکــو تەنهــا دەنووســریت: هەمــان ســەرچاوە، هــەمان ژێــدەر، بەڵام ژمارەی لاپەڕەکە دەنووسریت.

بۆ نموونە وەکو: بڕوانە لاپەڕەی (١٢)ی ئەم پەرتووکە.

٣ـ ئەگەر سەرچاوەکە دووبارەبووەوە و سـەرچاوەیەک لـەنێوانیـان هـات، ئەوا لەم حـاڵەتەدا نـاوی نووسـەرەکە و گوزارشتی: سـەرچاوەی پێشوو، لەگـەڵ ژمـارەی لاپەڕەکە دەنووسـریت، بـۆ نمـوونە: بـڕوانە سـەرچاوەی پێشــوو، لاپەڕە (٢٣)ی ئەم پەرتووکە.

٤ـ ئەگەر سەرچاوەکە لە یەک نووسـەر زیـاتری هەبوو، ئەوا تەنهـا نـاوی چەنـد نووســەرێک یـان ناســراوترین نووسـەریان لـێ دەنووسریت، لەم حاڵەتەشدا گوزارشـتی: کەسانی دی یاخود نووسەرانی دیکە دەنووسریت.

بــۆ نمــوونە: فێربــوونی ئـاینی مەسـیحی کەنیســەی کاســۆلیکی، وەرگێڕانــی حــەبیــب پاشــا و کەســانی دی، بیروت، کتێبخانەی بوسیە، ١٩٩٩.

٥ـ گەر ناوی نووسـەرەکە یان پەرتووکەکە لە دەقەکەدا هاتبوو، ئەوا دەکرێ لە پەراوێزەکە لاببریت.

بۆ نموونە: ئیمام عەلی دەڵێت:((**دەمژمێرەکانی ڕۆژگار چەندە بلەز و خێران، ڕۆژگارەکانیش لە مانگدا چەندە خێرا ڕەودەکەن، مانگەکانیش لەناو ساڵەکاندا، چەند بەخێرایی دەڕۆن، ساڵەکانیش چەند بەخێرایی لە تەمەنی مرۆڤدا گوزەر دەکەن**)).

(١) نهج البلاغة، ط١، بيروت، مؤسسة الاعلمي، ١٩٩٣، ص:٣٨٦.

٦ـ گەر پەرتووکەکە وەرگێڕدراوبوو، ئەوا پێویستە ئاماژە بۆ ناوی وەرگێڕەکە بکەین، ئەویش پاش ناوهێنانی ناوی پەرتووکەکە، بۆ نموونە:

مطهري، مرتضى، العدل الالهي، ترجمة محمد الخاقاني ط٢، بيروت، الدار الاسلامية، ١٩٨٥م.

٧. ئەگەر زانیارییەکانی سەرچاوەیەک لە سەرچاوەیەکی دیکەوە وەرگیرابوو، ئەوا باشتر وایە لە سەرچاوە سەرەکییەکەوە ئەو زانیاریانە وەربگرێت، بەڵام ئەگەر ئەم کارە دەسەبەر نەبوو، ئەوا تەنها ئاماژە بۆ سەرچاوەی یەکەم بکات و بنووسێت: (لە فلانە سەرچاوەوە.....).

## شێوازی دیکۆمێنتکردنی زانیارییەکان لە کۆمپیوتەر

لە کـاتی نووسـیندا، واتە تـایپکردن لەسـەر کۆمپیـوتەر، دەکـرێ ئەو پەراوێـزانە بخەیـنە نـاویەوە، کە زانیارییەکـان ڕاسـتەوخۆ دیکۆمێنـت دەکەن، ئەویـش لەڕێگـای پەیڕەوکردنی ئەم هەنگاوانەوە:

١. دانانی ماوسـەکە لە کۆتـایی دەقە گوزاراوەکەوە، یان لەلای ئەو وشـەیەی، کە مەبەسـتمان ئەوەیە ئامـاژەی دیکۆمێنتەکەی لەلا دابنێین.

٢. ڕۆیشتنە سەر لیستەکە و دەچیتە ناو Insert.

٣ـ هەڵبژاردنـی Footnote لە لیسـتی Insert بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان لەڕێگەی Reference وەک لە هەندێک پرۆگرامدا هەیە.

٤ـ هەڵبژاردنـی شـێوەی دیکـۆمێنتکردن لە خـانەی (Number format)، واتە دەستنیشانکردنی شێوەی ئەو هێمایەی، کە خوازیارین پشتی پێبەستین (١، ٢، ٣، ....) یان (أ، ب، پ، ...)... هتد.

٥. هەڵبژاردنی شێوەی (Continuous)، یان شێوازی دی لە ژمارەکانـدا، ئەویـش لەنـاو بژاردەکـانی خـانەی: (Nubering).

٦. ڕەزامەندی Ok یان Insert.

٧ـ دەستکردن بە نووسینی (ناوی نووسەرەکە، ناوی پەرتووکەکە) لەو پەراوێزەی کە هێمای ژمارەکەی دەستبەجێ دەردەکەوێت.

# سێیەم

# تێبینییە هونەرییەکان

بۆ تەواوکردنی ئەو شتانەی باسمانکردن، وا باشترە کۆمەڵە تێبینی و ڕاسپاردە و ئامۆژگارییەکی فۆرمی و هونەریی پێشکەش بە قوتابی بکەین، کە دەبنە یارمەتیدەرێک بۆ تەواوکردنی ئەو شتانەی دەستمانپێکردن، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دەیانخەینەڕوو:

١ـ پێویستە زیاتر لە یەکجار و لە کات و ساتی جۆراوجۆردا پێداچوونەوەی بەو شتانە بکرێت، کە قوتابییەکە نووسیوویەتی، ئەویش بۆ ڕاستکردنەوە و لابردنی هەڵە و لار و لەوێریەکانی، چونکە ناکرێ توێژەر بەتایبەتی نووسەرە تازەکان، بەبێ پێداچوونەوە بە نووسینەکانیان تێپەڕێنین.

٢. پێویستە واز لە هەندێک زانیاری بهێنین، کە پەرت و بڵاو و پارچەبوونە، پاشان پینەکراون، چونکە ناکرێ قوتابی توێژینەوەکەی پڕ بکات لە هەموو ئەو زانیاریانەی کە کۆیانی کردوونەتەوە، لەبەر ئەوەی لەوانەیە هەموو ئەو زانیاریانە بە کەڵکی توێژینەوەکە نەیەن.

٣. وا باشترە هەر بەشێک بۆ کۆمەڵە ناونیشانێک دابەش بکرێت، بۆ ئەوەی هاریکاری بکەن لە ڕێکخستنی هزر و بیرەکان، بەو مەرجەی زۆر نەبن و بە شێوەیەک یەکانگیری دەقەکە و سەلامەتی دارشتنەکە تێکنەدەن.

٤. پێویستە بۆ هەموو بەشێک ناونیشانێک بنووسرێت و ناونیشانەکە لەسەر لاپەڕەیەک بە تەنها و پێش دەستپێکردنی بەشەکە بنووسرێت.

٥ـ پێویستە توێژینەوەکە زانیاری تەواوی دەربارەی بابەتەکە تیادا بێت، بەشێوەیەک پڕ بەپێست و تێروتەسەل بێت و هەموو ئەو شتانە بگرێتەخۆ، کە لە توێژینەوەکەدا مەبەستن.

٦. پێویستە ئەو وشانە دابڕێژرێت، کە فەرامۆشکردنیان کێشە دروست دەکات، چ لە ڕوویماناوە بێت، چ لە ڕووی ناوەرۆکەوە.

٧ـ پێویستە بۆ نووسینی توێژینەوەکە کاغەزی هێڵدار بەکاربهێنرێت، لەسەر یەک ڕووی پەڕەکەش بنووسرێت، چونکە ئەم کارە دەبێتە یاریدەدەرێک بۆ ڕێکخستن و ڕیزکردنی ئەو شتانەی دەخرێنە سەر پەڕەی کاغەزەکە و پرۆسەی پێداچوونەوەکەش ئاسانتر دەکات.

٨ـ پێویستە بارستایی ئەو هێڵانەی کە پێیان دەنووسرێت، گونجاو و تەبا بن و ناونیشانە سەرەکییەکانیان بە گەورەیی و ڕوونی بنووسرێت و ناونیشانە بچووکەکانیش بە بچووکی بنووسرێن، بەشێوەیەک کە لەگەڵ پاش و پێشی خۆیاندا بگونجێن.

٩ـ هەندێک کەس ئامۆژگاری نووسەر دەکەن و دەڵێن، پێویستە نووسەر دێری یەکەم بە پرسیار دەستپێبکات، تاوەکو ڕستەیەکی سەرەکی لێ بێت، ئەمەش دەبێتە یارمەتیدەرێک بۆ دەرخستنی ئەو بیرۆکەی، کە نووسەر خوازیاری وتنیەتی.

# بەشی چوارەم
# شێوە و ڕەگەزەکانی توێژینەوە

یەکەم: بەرگ

دووەم: تۆمارکردنی ناوەڕۆک

سێیەم: پێشکەشکردن

چوارەم: پێشەکی

پێنجەم: جەستەی توێژینەوە (بەش و بەندەکان)

شەشەم: کۆتایی

حەوتەم: پێڕستە هونەرییەکان

هەشتەم: سەرچاوەکان

# یەکەم
# بەرگ

بەرگی توێژینەوەکە یەکەم شتە، کە بەرچاوت دەکەوێت و لە پێنج یاخود شەش توخم پێکدێت، کە بەم شێوەیەیە:

١ـ ناوی ئەو لایەنە فێرکارییەی قوتابی تێدایە (ئەگەر هەبوو).

٢. ناونیشانی توێژینەوەکە بە شێوازی کۆتاییەکەی.

٣. ناوی ئەو قوتابییەی توێژینەوەکەی ئامادەکردووە.

٤ـ ناوی ئەو مامۆستایەی سەرپەرشتی توێژینەوەکە دەکات.

٥ـ جۆری ئەو بڕوانامەیە یان ئەو پلە زانستییەی، کە قوتابی هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات (ئەگەر توێژینەوەکە ئەو مەبەستەی بە ئامانج گرت).

٦. شوێن و مێژووی ئامادەکردنی توێژینەوەکە.

بەرگەکە لەو نمـوونەیە دەچێـت، کە لاپەڕەی پێشـووی ئەم پەرتووکەدا هاتووە، تەنها ئەو گوزارشـتەی نووسـراوە (پلانـــی تـــوێژینەوەیەک بە ناونیشـــانی) بگـــۆڕە بـــۆ (توێژینەوەیەک بە ناونیشانی).

# دووەم

# تۆمارکردنی ناوەرۆک

# Contents

دەبێ تۆمارکردنی ناوەرۆکەکە هەموو ئەو بابەتانە لەخۆ بگرێت، کە لە تویژینەوەکەدا هاتوون، لەگەڵ ژمارەی لاپەڕەی هەر یەک لە بابەت و ناوەرۆکەکەش هەر لە پێشکەشکردنەوە تا دەگاتە لیستی سەرچاوەکان.

دەشکرێ تۆماری ناوەرۆکەکە لە سەرەتای توێژینەوەکەدا دابنرێت، یان ڕاستەوخۆ پاش بەرگی یەکەمی پەرتووکەکە دابنرێت، یان لە کۆتایی توێژینەوەکە و پێش بەرگی کۆتایی پەرتووکەکە دابنرێت (بڕوانە تۆماری ناوەرۆکەکان لە کۆتایی ئەم پەرتووکەدا).

# سێیەم
# پێشکەشکردن

لەوانەیە قوتابی ئارەزووی ئەوە بکات، تویژینەوەکەی بکاتە دیاری و پێشکەشی نزیکێکی خۆی یان دۆستێکی ئازیزی بکات، بۆیە هەڵدەستێت بە نووسینی چەند وشەیەکی کورت و گوزارشتێک، کە کاریگەری بەسەر خوێنەردا هەبێت:

بۆ نموونە:

١- بۆ پاڵەوانان و بەرگریکارانی نیشتمان

ئەوانەی کە شکۆمەندیان دروستکرد...

سەرکەوتنیان کردە دیاری...

ئەم دیارییە پێشکەش دەکەم....

٢- بۆ هاوسەرە خۆشەویستەکەم

بۆ منداڵەکانم: نەسرین، محەمەد، خونچە

ئەم پەرتووکە پێشکەش دەکەم

# چوارەم
# پێشەکی
# Introduction

پێشەکی دەروازەیەکە بۆ توێژینەوەکە و بە هەموو ناوەڕۆکەکانییەوە لەو پێشەکییە دەچێت، کە بۆ پلانی توێژینەوەکە دەنووسرێت، بەڵام لێرەدا بە وردی دەنووسرێت، زۆرجاریش لە کاتی تەواوبوونی توێژینەوەکە دەنووسرێت، نەک لە سەرەتای دەستپێکردنیدا، چونکە لەژێر ڕووناکی ئەزموونی نووسینەکەدا دەنووسرێتەوە.

جا گرنگترین ئەو شتانەی لە پێشەکیدا باسدەکرێن، ئەمانەن:

١- پێناسەکردنی بابەتی توێژینەوەکە و پێشکەشکردنی پانۆرامایەکی مێژوویی بابەتەکە، هەر لە سەرەتاوە تاکو بڵاوبوونەوەی، هەروەها ناوبردنی ئەو کەسانەی

پێشـــەنگبوون تیایــدا و یەکەم کەس بــوون باســـیان لە بابەتەکە کردووە.

٢ـ دەرخســتنی گرنگـی بـابەتەکە لە ڕووی دەرەنجـامە زانستیی و کردەییەکانیەوە.

٣ــ شــرۆڤەکردنی ئەو هۆیــانەی وایــان لە قوتــابیەکە کــــردووە، ئەو بـــابەتە هەڵبژێرێــــت و باســـکردنی ئەو خەسڵەتانەی توێژینەوەکە لەوانی دی جیا دەکاتەوە.

٤ـ ئاماژەکردن بەو ناخۆشییانەی، کە قوتابیەکە لە کاتی ئامادەکردنی توێژینەوەکە ڕووبەڕوویان بووەتەوە.

٥ــــ نـــاوبردنی دەرەنجامەکـــان و مەبەســـــتەکانی توێژینەوەکە.

٦ـ دەستنیشـانکردنی ئەو پرۆگرامەی قوتـابیەکە لە کـاتی نووسیندا پەیڕەوی لێکردووە.

٧ـ پێشکەشـکردنێکی کـورت و پوخـت بـۆ بەشـەکانی لاپەڕەی تـــوێژینەوەکە و پێکهاتەکـــانی (پێشکەشـــکردنی بەشەکان و پێکهاتەکانی توێژینەوەکە).

٨ـ ئامـاژەکردنێکی خێرا بـۆ توێژینەوەکـانی پێشـووتر و ئەو فراوانخوازیانەی لەم نووسینەدا ئەنجامی داوە.

٩ـ ئاراستەکردنی سـوپاس و سـوپاسگوزاری بـۆ هەمـوو ئەو کەســانەی بەشــداریان لە کۆششـــی تــوێژینەوەکەدا

کـردووە، و یـارمەتی قوتابییەکەیـان داوە، بەتـایبەتی ئەو مامۆستایەی کە سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە بووە.

**تێبینـــی:** ئەگەر تـــوێژینەوەکە هـــی پـــۆل بـــوو، واتە ڕاهێنەرانەبـوو و قوتـابییەکی تـازە ئامـادەی دەکـرد، ئەوا مەرج نییە هەموو ئەو شـتانەی باسمانکرد لە پێشـەکیەکەدا بوترێـت، چـونکە قوتـابی تـازە زۆر شـت لە نووسـینەکانی چاوەڕێ ناکات، یان لەوانەیە نەتوانێت میتۆدێکی تـایبەت لە پرۆژەکەیدا پەیڕەو بکات.

لەبەر ئەوە بـا تەنهـا قوتـابی لەم حـاڵەتەدا سروشـت و گرنگی مێژوویی و بابەتیبوونی توێژینەوەکە بخاتەڕوو.

# پێنجەم
# جەستەی توێژینەوەکە

توخمی پێنجەم، کە خودی توێژینەوەکەی لێ پێکدێت، جەستەی سەرەکییە لە پرۆژەکەدا، ئەم توخمە لە بەشەکان و لەو دەروازانە پێکدێت، کە وەک ناونیشانی پلانەکە دانراون، بەڵام پاشان بەشێوەیەکی درێژ نووسراونەتەوە، ئینجا بە پۆلێنکراوی بەپێی ئەو خاڵانەی باسمانکردن، پێشکەش دەکرێن.

# شەشەم
# کۆتایی

بێگومان کۆتایی دواهەمین قۆناغی توێژینەوەکەیە، پێویستە قوتابی تیایدا تیشک بخاتە سەر چەند خاڵێک، گرنگترینیان ئەمانەن:

١. کورتەی ئەو بیروبۆچوون و خواستە سەرەکیانەیە، کە قوتابی لە توێژینەوەکەیدا باسیانی لێوە کردووە، بەڵام دەبێ بەشێوەیەکی زنجیرەکراو و گونجاو و ڕێکخراو پێشکەشیان بکات.

٢. کورتەی ئەو دەرەنجام و دەرهاوێشتانەی، کە قوتابی لە توێژینەوەکەیدا پێیانگەیشتووە.

٣ـ قوتابی ئەو پێشنیاز و ئامۆژگاری و ڕاسپاردانەی، کە ئارەزوو دەکات پێشکەشیان بکات.

# حەوتەم
# پێڕستە هونەرییەکان
# Indexes

پێڕستە هونەرییەکان یان دۆزەرەوە لە لیستێک پێکدێت، کە بەهۆیەوە زاراوەکان یان وڵاتان یان ئایەتەکان یان ناودارەکان.........هتد. تیایاندا تۆمار دەکرێن، لەگەڵیشیاندا ئەو لاپەڕانە دەنووسرێن، کە ئەو ناونیشانانەیان تیادا هاتووە.

ناکرێ هەموو تویژینەوەیەک یان پەرتووکێک ئەم پێڕستانەیان تیادابێت، مەگەر تەنها بابەتەکەی لەگەڵدا گونجاو بێت، گرنگی ئەم پێڕستانە لەوەوە دێت، کە پرۆسەی گەڕانەوە بۆ ئەو شتانەی قوتابی بەدوایاندا دەگەڕێت، بلەزتر و خێراتر دەکات، جا گەر پەرتووکەکە بابەتێکی مێژوویی لەخۆ گرتبێت، ئەوکاتە دەکرێ پێڕستێکی ناوداران یان وڵاتان لەخۆ بگرێت، ئەگەر

بـابەتەکەش فەلسـەفی یـان زانسـتی بێـت، ئەوا دەکـرێ لیستێکی زاراوەیی بۆ ئامادە بکرێت، ئیدی بەمشێوەیە.

نموونەی پێرستی ناوداران:

ئەرستۆ: ل٣٤، ٧٦، ١٠١، ١١٢.

غاندی: ل ٣٣، ٩٤، ١٥٥، ١٦٧، ١٩٩.

بەمشـێوەیە نـاوی هەمـوو نـاوداران بـاس دەکـات، کە بەشـێوەیەکی ڕێکوپێـک لە تـوێژینەوەکەدا بەگـوێرەی ئـەلفوبێی پیتەکـان ڕێکـدەخات، ئینجـا ئەو لاپەڕانە دیاریدەکات کە تیایاندا هاتووە.

نموونەیەک بۆ پێرستی وڵاتان.

قودس: ل٥٤، ٨٧، ١٢١، ١٥٤، ٢٥٤.

بیروت: ل٤٥، ٧٦، ١١١، ١٤٣، ١٦٦، ٢٠٠.

# هەشتەم

# لیستی سەرچاوەکان

# Bibliography

پێش ئێستا باسمان لە پلانی تویژینەوەکە کرد، باسی ئەوەشمان کرد، کە زۆر گرنگە لیستی سەرچاوەکان تۆمار بکرێت، بەتایبەت ئەو سەرچاوە گرنگانەی قوتابی بە تەمایە سوودیان لێ وەرگرێت، بەڵام ئێستا پاش ئەوەی تویژینەوەکە کۆتایی هات و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانیش گەیشتە کۆتایی، ئەوا دەبێ قوتابی ئەو سەرچاوانە بژمێرێت، کە بەشێوەیەکی کردەیی سوودی لێیان وەرگرتووە.

پێشتریش باسی ئەوەمان کردبوو، کە چۆن و بە چ شێوەیەک سەرچاوەکان دەنووسرێن، تەنها ئەوە ماوە بڵێین، کە وا باشترە ڕێکخستنی سەرچاوەکان لەم لیستەدا بەپێی زنجیرەبەندی پیتەکانی زمان بەگوێرەی ئەلفوبێ ڕێکبخرێن.

# کۆتایی ئەم پەرتووکە

ئەم پەرتووکە گەشتێکی بلەز و خێرابوو، ناکرێ بڵێین لە بواری بابەتەکەدا بەس بووە، بەڵکو کۆششێک بوو بۆ ئەوەی ئامانجداربێت و هیوای ئەوە ببەخشێت دەروازەیەک بە ڕووی ئەو کەسانەدا بکاتەوە، کە حەز و ئارەزوو و خولیای ئەنجامدانی توێژینەوەیان هەیە، بەو هیوایەی توێژەر بە خۆی هەزارەها ڕێگا و دەروازە بۆ توێژینەوەکە بکاتەوە.

ئەم پرۆژەیە کارێکی خاکیانە بوو، بۆ ئەوەی سوود بە هەموو لایەک بگەیەنێت، بە هەمان شێوە ئەم پەرتووکە بە زەحمەت نەنووسراوە، تاکو کەس لێی تێنەگات، بەڵکو کۆششێکە پوختەی ئەو یاسایانە لەخۆ دەگرێت، کە زۆر پێویستە بۆ نووسینی توێژینەوەکان، دەبێ دان بەوەشدا بنێین، کە زۆر یاسا و ڕێسا لەم بوارەدا هەن، لەم

پەرتـووكەدا باسـمان نەكـردن، نەوەک مێشـكی خـوێنەر بە شتی ترەوە سەرقاڵ بكەین، چونكە ئێمە لێرەدا مەبەستمان تـوێژەری تـازەیە، كە دەمـانەوێ یـارمەتی بـدەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەركەوتنی ئەم كارە پەیوەستە بە ڕادەی تـوانینی ئەوەی كە دەقێكـی ئاسـان بێـت، بەبـێ ئەوەی ڕەسەنایەتی خۆی لەدەستبدات.

## ليستى سەرچاوەكان


١ـ القرآن الكريم.

٢ـ الامام علي (عليه السلام)، نهج البلاغة، ط١، قم، مطبعة النهضة، .١٩٩١

٣ـ ابن منظور، جمال الدين، لسان العرب، قم، نشر أدب الحوزة، .١٩٨٤

٤ـ ابن بابوية، محمد، الخصال، قم، منشورات جماعة المدرسين، .١٩٨٢

٥ـ بدر، أحمد، أصول البحث العلمي و مناهجه، ط٦، الكويت، وكالة المطبوعات، .١٩٨٢

٦ـ بدوي، عبدالرحمن، مناهج البحث العلمي، القاهرة، دار النهضة العربية، ١٩٦٣.

٧ـ الثعالبي، عبدالرحمن، يتيمة الدهر، ط١، بيروت، دار الكتب العلمية، .١٩٨٣

٨ـ الجوهري، اسماعيل بن حماد، الصحاح، ط٤، بيروت، دار العلم للملايين، ١٩٨٧ .

٩ـ الحراني، ابن شعبة، تحف العقول، ط٢، قم، مؤسسة النشر الاسلامي، ١٩٨٣ .

١٠- دويدري، رجاء، البحث العلمي أساسياته النظرية و ممارسته العلمية، ط١، دمشق، دار الفكر، ٢٠٠٢ .

١١- الريشهري، محمد، ميزان الحكمة، ط١، قم، دار الحديث، ١٩٩٥ .

١٢- الزبيدي، الواسطي، تاج العروس، بيروت، دار الفكر، ١٩٩٤ .

١٣- سيد أحمد، رضا علوي، فن الكتابة، ط١، بيروت، دار البيان العربي، ١٩٩٣ .

١٤- شلبي، أحمد، كيف تكتب بحثا أو رسالة، ط٢١، القاهرة، مكتبة النهضة المصرية، ١٩٩٠ .

١٥- الشهيد الثاني، زين الدين، منية المريد في اداب المفيد و المستفيد، ط١، قم، مكتب الاعلام الاسلامي، ١٩٨٨.

١٦- الطريحي، فخرالدين، مجمع البحرين، ط٢، ايران، نشر الثقافة الاسلامية، ١٩٨٧ .

١٧- الطوسي، نصيرالدين، اداب المتعلمين، بيروت، نشر يوسف احمد، ١٩٨٦ .

١٨- الفراهيدي، خليل بن أحمد، العين، ط١، بيروت، مؤسسة الاعلمي، ١٩٨٨ .

١٩- الفضلي، عبدالهادي، أصول البحث، ط١، بيروت، دار المؤرخ العربي، ١٩٩٢.

٢٠ـ فضل الله، مهدي، أصول كتابة البحث و قواعد التحقيق، ط١، بيروت، دار الطليعة، ١٩٩٣.

٢١ـ فارس، أحمد، الكتابة و التعبير، ط٣، بيروت، دار الفكر، ١٩٨٩ .

٢٢ـ المجذوب، طلال، منهج البحث، و اعداده، بيروت، مؤسسة عزالدين، ١٩٩٣ .

٢٣ـ ملحس، ثريا، منهج البحوث العلمية، ط٤، بيروت، دار الكتاب اللبناني، ١٩٨٩.

٢٤ـ المجلسي، محمد باقر، بحار الأنوار، ط٢، بيروت، مؤسسة الوفاء، ١٩٨٣ .